# سەرنجێك

## لە دەروازەی فۆلكلۆری كوردەوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# سەرنجێك

## لە دەروازەی فۆلكلۆری كوردەوە

پێشکێش بەو:

ڕۆڵە دڵسۆزانە بێت کە تەقەلای بێ پشو دەدەن بۆ کۆ
کردنەوەی فۆلکلۆری نەتەوەی کورد.

لقی نەقابە

ناوی کتێب: سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە
نووسینی: کۆمەڵێك
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە:٩١٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٠٢ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتی

## ناوەڕۆك


پێشەکی ........ ١١
یەکەم: فۆلکلۆری وێژە ........ ٢٠
چیرۆك: ........ ٢٠
١- چیرۆکی ڕووداو ........ ٢٠
٢- چیرۆکی ئەفسانە ........ ٢١
٣- چیرۆکی ڕەمزی ........ ٢٣
پێشەکی چیرۆك ........ ٢٤
هۆنراوە: ........ ٢٥
١- هۆنراوەی لای لایە ........ ٢٥
٢- هۆنراوەی یاریی منداڵان ........ ٢٥
٣- هۆنراوەی لاواندنەوە ........ ٢٦
٤- هۆنراوەی دڵداری ........ ٢٦
٥- هۆنراوەی دەمەتەقێ ........ ٢٧
٦- هۆنراوەی پەخشان ........ ٢٧
٧- هۆنراوەی گاڵتەبازی و زەم ........ ٢٨
٨- هۆنراوەی وەسف ........ ٢٩
٩- هۆنراوەی پەند ........ ٢٩
١٠- هۆنراوەی ئاینی ........ ٣٠
١١- هۆنراوەی کەشی ........ ٣٠
١٢- هۆنراوەی مەتەڵ ........ ٣١
پەند: ........ ٣١
مەتەڵ: ........ ٣٢
ئامۆژگاری: ........ ٣٢
پڕوپاگەندە: ........ ٣٣

وتەی جێگر: ........ ٣٣
دووەم: فۆلکلۆری نیگار ........ ٣٥
سێیەم: فۆلکلۆری یارییەکان ........ ٤١
مندالآنە ........ ٤١
گەورانە ........ ٤١
چوارەم: فۆلکلۆری ساز و گۆرانی ........ ٤٢
١– ئامێرەکانی ساز ........ ٤٢
٢– ئاوازەکان ........ ٤٤
پێنجەم: فۆلکلۆری لەبەرکردن ........ ٤٦
شەشەم: فۆلکلۆری خۆراك ........ ٥٧
حەوتەم: فۆلکلۆری ئامێری دروستکەر ........ ٥٩
هەشتەم: فۆلکلۆری نەریتی کۆمەلآیەتی ........ ٦٠
١– ژن هێنان ........ ٦٠
٢–هەڵپەڕکێ ........ ٦٢
٣–منالٌبوون ........ ٦٣
٤– مردوو مردن ........ ٦٣
٥– کاسە دراوسێتی ........ ٦٥
٦– نانکردن ........ ٦٥
٧– جل شووشتن ........ ٦٥
٨– ساوەر کولآنن ........ ٦٥
٩– برنج کوتان ........ ٦٥
١٠– دەستاڕ ........ ٦٥
١١– سەمەنی لێنان ........ ٦٥
١٣– خەرمان لۆغە ........ ٦٦
١٤– شارۆ ........ ٦٦
١٥– گوڵەوەچنی ........ ٦٦

١٦- هەرەوەزی کشتوکاڵ ........ ٦٦
١٧- پیتاك ........ ٦٦
١٨- ڕێز لە مرۆڤ گرتن ........ ٦٦
١٩- جەژن و گەردن ئازادی ........ ٦٧
٢٠- جەژنی نەورۆز ........ ٦٧
٢١- ئامۆشۆکردن ........ ٦٧
٢٢- ژن و ژنخوازی ........ ٦٧
٢٣- نیشانەکردنی کوڕ و کچ ........ ٦٧
٢٤- خوێن خۆشکردن ........ ٦٧
نۆیەم: فۆلکلۆری کاسە و کەلوپەل ........ ٦٨
دارین ........ ٦٨
ئاسنین و تەنەکە و زەرد ........ ٧٢
مسین ........ ٧٤
گڵین ........ ٧٥
پووشین ........ ٧٦
تووڵین ........ ٧٦
نەیجەین ........ ٧٨
قەرمین ........ ٧٨
سەوزە گیاین ........ ٧٨
خوری و موو و لۆکە ........ ٧٩
چەرمین ........ ٨٠
بەردین ........ ٨١
دەیەم: فۆلکلۆری تیمارکردن ........ ٨٣
١- بە دەرمان ........ ٨٣
٢- بەبێ دەرمان ........ ٩٠
یازدەیەم: فۆلکلۆری باوەڕی کۆن ........ ٩٣

دوازدەیەم: فۆلکلۆری خانەسازی ................................................................................. ٩٦
سیازدەیەم: فۆلکلۆری ڕاو و چەك ................................................................................. ٩٩
چواردەیەم: فۆلکلۆری پیشە و پیشەسازی ................................................................. ١٠٢
پازدەیەم: فۆلکلۆری کەلوپەلی ئاژەڵ ......................................................................... ١٠٨
شازدەیەم: فۆلکلۆری ئەستێرەوانی ............................................................................. ١١١

# سەرەتا

لقی نەقابەی مامۆستایان لە سلێمانی لەسەر ڕۆشنایی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەم و دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە، وە بەنیازی ڕاژەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان بەپێی توانا. دوو لیژنەی پێك هێنا لە مامۆستایان، بەلیژنەیەکی سپارد کە هەرچی فۆلکلۆرێکی کوردی بەچنگ دەکەوێ لە ناو ئەو سامانە نەتەوایەتییە لە بن نەهاتووەمان دا، کۆی بکاتەوە و ئامادەی بکا.

وە لیژنەیەکی تری پێك هێنا بۆ لێکۆڵینەوە و چاوخشاندن بەو فۆلکلۆرانەی، کە لیژنەی یەکەم کۆی کردووەتەوە. ئەوەی شایانی شانازییە دوو لیژنەکە زۆر بەدڵسۆزی، وە لە دوا تێکۆشین و تەقەلایەکی فرە ئەم بەرهەمەی کە هەنووکە لەبەردەمتانایە لە فۆلکلۆری کوردی، هێنایە گۆڕێ، وە پێشکێش بەنەقابەی مامۆستایان لقی سلێمانیی کرد. نەقابەی مامۆستایانی سلێمانیش لە دوا ئەوە سوپاسێکی فرەی دوو لیژنەکەی کرد، بەرهەمەکەی پێشکێش بەئێمە کرد بۆ ئەوەی کە لە چاپی بدەین و بڵاوی بکەینەوە بۆ پاراستنی سامانی نەتەوایەتیمان لە بزربوون.

نەقابەی مامۆستایان لقی هەولێر

# پێشەکی[1]

**فۆلکلۆر چییە؟**

لە ڕاستیدا وشەی فۆلکلۆر لە پێش ساڵی ١٩٤٨دا نەبیسرابوو، وە زانیارییەك کە بەم ناوەوە بێت پەیدا نەبووبوو، وەکو ئێستە هەیە و لە گەلێ لە زانستگەکانی جیهاندا دەخوێنرێت.

ئەوانەی ئەم زانیارییە دەخوێنن، دەڵێن مێژووی فۆلکلۆر بەش دەکرێت بەسێ قۆناغەوە.

**یەکەم قۆناغی کۆن:**

ئەوەیە کە لە سەرەتای مێژووەوە دەست پێ دەکات تا سەدەی نۆزدەیەم، لەم قۆناغەدا مێژوونـاسە کۆنەکان گەلێك باسی خوو و ڕەوشت و باوەڕ و ئەفسانە و هونەر و هەموو جۆرە کەلەپوورێکیان کردووە نەك بەشێوەیەکی زانیاریی سەربەخۆ بگرە لەگەڵ باسی مێژووی شارستانییە کۆنەکاندا، هەروەها هێندی لە نووسەر و وێژەوانەکان وتەی نەتەوایەتیی کۆنیان کۆ کردوەتەوە لە ژێر ناوی پەند و ئامۆژگاریدا، هەروەکو ڕۆشنبیرانی کورد لەم چەند ساڵانەی پێشوودا دەستیان دایە کۆ کردنەوەی پەندی پێشینیان و چیرۆك و شتی تر.

**دووەم قۆناغی زانیاریی فۆلکلۆر:**

کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا زانیاریی زمان و کۆمەڵایەتی پەیدابوو، زاناکانی زمان و زاناکانی خوێندنی کۆن بوون بە پێشڕەو، وە دەستیان کرد بەسەرنجدان لە کەلەپووری نەتەوایەتی، وە دوو زانای ئەڵەمان کە ناویان

(١) سەرچاوەی ئەم پێشەکییەمان کتێبی (الفنون الشعبية)ی (روشدی ساڵح)ە.

(یەعقوب) و (ویلهیلم جرایت)ە دوو برا بوون دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیی گەلی ئەڵمانیا وە وتەی دەماودەم و چیرۆك و ئەفسانەیان کۆ دەکردەوە، لە ئەنجامدا جوانی و نرخی وتەی کۆنی ئەڵەمانیان خستە بەرچاو. ئەم دوو برایە لە سەدەی پێشوودا لە بەینی زانایانی زانیاریی فۆلکۆردا جێگەیەکی بەرزیان هەبووە وە چەنان کتێبی گرینگیان پێشکێش کرد. ئەم بەرهەمانە زانایانی تری بزواند لە ڕووسیا و بەریتانیا و فەرەنسا سەرووی ئەسکەندناڤیا بۆ چاو لێکردنیان، ئەو کتێبانەی کە زانایان دەریان دەکرد هەریەکەیان ناوێکی لەسەر دادەنا. وە ناوی فۆلکلۆر هەر نەبیسترابوو، تا زانای ئینگلیز (ویلیام جۆن تۆمز) لە ٢٢ ئابی ١٨٤٦دا بە نامەیەك داوای لە ڕۆژنامەی (زی ئاستینیوم) کرد کە وشەی فۆلکلۆر بەکار بهێنرێت بۆ کەلەپووری نەتەوایەتی.

وشەی فۆلکلۆر وشەیەکی تێکەڵە لە دوو وشە پێك هاتووە، یەکەم (فۆلك) واتا نەتەوە یان کۆمەڵە کەسانێك. دووەم (لۆر) واتا پەند یا حیکمەت.

لە پاش چەند ساڵێك ئەم وشەیە بە هەموو ئەوروپادا بڵاوبووەوە وە لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و فەرەنسا و ڕووسیادا خرایە سەر دەم. لە پاشان هەموو زانایان بوون بە دوو بەشەوە بەشێکیان دەیانویست وشەی فۆلکلۆر بەکاربهێنرێت بۆ کەلەپووری نەتەوایەتی وە بەشێکی تریان دەیانوت هەر نەتەوەیەك لە زمانەکەی خۆی ناوێ بەکاربهێنێ لە جیاتی فۆلکلۆر.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا گەلێك قوتابخانە پەیدابوون هێندێکیان بەرنامەی زمانیان بەکار دەهێنا بۆ کۆڵینەوە لە کەلەپووری نەتەوایەتی وە هێندێکیان بایەخیان دەدا بە ئەفسانە و شییان دەکردەوە و هۆیەکانیان دەردەخست و گرێکانیان دەکردەوە، هێندێکیان زانیاریی ڕەگەزەکان و زانیاری دەروون یا مێژوو و جوگرافیەیان بەکاردەهێنا بۆ ئەم کەلەپوورە. بەم بۆنەیەوە باوەڕی هەمە جۆرە پەیدابوو.

**قۆناغی سێیەم**: ئەوەیە کە فۆلکلۆر خرایە شێوە و شێواز و بنچینەی زانیارییەوە، وە زانایان تێکۆشان بۆ خوێندنی لە زانستگەکان، وە هەروەها تێ کۆشان بۆ ئەوەی لە لایەن ئەنجومەنە ڕەسمییەکانی گێتییەوە دانی پێدابنرێت، ئەم مەبەستەیش هاتەدی.

یەکەم جار لە زانستگەی هەلسنکی لە ساڵی ١٨٨٨دا، دانی پێدانرا کە زانستێکی سەربەخۆیە و چەسپی ناو بەرنامەکەی کرا. هەروەها لە زانستگەکانی سوێد، نەرویج، دانیمارك، ئەڵمانیا، بەلجیکا، نەمسا، یوگوسلاڤیا، ڕۆمانیا، ڕووسیا، کەنەدا، ئەمەریکادا، دانی پێدانرا و لە بەرنامەکانیاندا چەسپێنرا. بەم جۆرە لە هەموو وڵاتێکی جیهاندا بایەخێکی تەواو دەدرێ بە کەلەپووری نەتەوایەتی.

هەروەها لە پاش شەڕی جیهانیی یەکەم لە ساڵی١٩٢٧ لەلایەن (عصبة الأمم)ەوە دانی پێدانرا، کە فۆلکلۆر زانستییەکە ڕەگی وەهای تیایە هاوبەشیی ژیانی نەتەوەکانی جیهان پیشان دەدات. لە بەرئەوە یەکەم کۆنگرەی کەلەپووری نەتەوایەتی گیرا لە لایەن دەوڵەتانەوە لە ئەنجامدا لێژنەیەك دامەزرا بە ناوی (لیژنەی هونەر و خوورەوشتی میللیی دەوڵەتان)، لە پاش شەڕی جیهانی دووەم ئەم لێژنەیە دایە پاڵ ئەنجوومەنی فەلسەفە و زانستی دەوڵەتان کە لە ژێر دەستی ئەنجوومەنی دەوڵەتە یەگگرتووەکاندایە.

ئێمەیش دەتوانین کەلەپووری نەتەوایەتیمان بەش بکەین بە دوو قۆناغەوە.

قۆناغی یەکەم: لە سەرەتای ژیانی کوردەوە دەست پێ دەکات تا ئەم دەمە، هەرچەند سەرچاوەی مێژوویمان هەیە و ئەمڕۆ لەبەردەستماندا نییە تا بتوانین کەڵکی لێ وەربگرین لەگەڵ ئەمەیشدا دەتوانین بڵێین کەلەپووری نەتەوایەتیمان گەلێك

ماوە هەرچەند بەوشێوە زانستییە نەپارێزراوە، کە ئێستا میللەتان دەستیان داوەتێ، چونکە ئەو دۆخەی کە کەلەپوورەکانی تێدا بەکار هێنراوە لەگەڵ دۆخی ئێستەی کوردستاندا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، لەبەرئەمە ئەوە چیرۆکە، ئەوە پەندە ئەوە هۆنراوە و نەریتی کۆمەڵایەتییە... هتد لە ژیانی ئەمڕۆی کوردەواریدا بەکاردەهێنرێن هەرچەند بە جۆرێکی گشتی گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە بە هۆی جیاوازیی پلەکانی ژیانی کۆمەڵەوە، ئەم گۆڕانەیش لە شارەکاندا زیاتر بووە تا لادێکان.

قۆناغی دووەم: ئەو تێکۆشانەیە کە ئێستە دەستی پێ کراوە بۆ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان تا بەتەواوی لەسەر بنچینەی زانستی دەچەسپێت و دواییش دەکرێت بە وانەیەکی تایبەتی و لە زانستگەکاندا دەخوێنرێت.

**فۆلکلۆر چی دەگرێتەوە؟**

زانایان کەوتنە بەربەرەکانی لە بابەت ئەوەوە، کە ئاخۆ چەند جۆرە فۆلکلۆر هەیە و چی و چی دەگرێتەوە.

بەشێکیان باوەڕیان وایە کە تەنیا هونەرەکانی وێژە و ساز و سەما و هەڵپەڕکێ دەگرێتەوە.

بەڵام ڕای بەشی دووەمیان ئەوەیە کە هەموو شتێك دەگرێتەوە وەکو هونەری وێنەکێشی و نیگار و پەیکەرتراشی و خانەسازی و پیشەکان... هتد. ئێمەیش لەسەر ئەم باوەڕەی دووەمیانین چونکە فۆلکلۆر بەرهەمی بەهرەی

هەزاران ساڵی پێش ئێستەیە، ئەم بەرهەمەیش تەنیا پێوەندنییە بە وێژەوە بگرە پێوەندە بە هەموو ڕوویەکی ژیانی باووباپیرمانەوە لە کەلوپەلی ناومال، لە وێژە و پەلەکانی (چیرۆك. هۆنراوە. پەخشان. پەند. مەتەڵ. ئامۆژگاری. وتەی جێگر. پڕوپاگەندە) نیگار.

نەریتی کۆمەڵایەتیی تیمارکردن، کەلوپەلی ئاژەڵ، ئامێری دروستکەر و بەرهەم دەرهێنەر کەلوپەلی ڕازاندنەوە و لەبەرکردن، یارییەکان، کەلوپەلی ڕاو و چەك، باوەڕی کۆن، خانەسازی، خۆراك، ئەستێرەوانی، پیشەکان. ساز و ئاواز و ئەمانە هەموویان دەگرێتەوە.

ئێمە هەروەك کتێبەکەمان ناو نا (سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە) ویستمان بنچینەیەك دابنێین بۆ دەست پێکردن بە کۆ کردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان. لەبەر ئەمە فۆلکلۆری کوردیمان خستە چوارچێوەی شازدە بەشەوە وە بۆ هەر بەشێك بە کورتی وە بەپێی توانا نموونەمان لەسەر هێنایەوە و پیشانمان دا لەسەر ئەو باوەڕە کە لە توانادا نییە هەموو کەلەپووری نەتەوایەتیی کورد کە زۆر دەوڵەمەند و فراوانە لە کتێبکدا کۆ بکرێتەوە بگرە چەندان کتێب وە تێکۆشانی سەدان لە ڕۆشنبیران ئینجا دەتوانێت تەواوی بکات.

هیوامان وایە لەمەولا لە دەروازە بچینە ژوورەوە و لەسەر هەر پەلێك کتێبی یەك لە دوای یەك پێشکێش بکەین بەپێی توانا هەروەها ئومێدمان وایە کە شارەزایانی نەتەوەی کوردیش لەسەر ئەم بنچینەیە تێ بکۆشن وە بەرهەمیان لەم ڕووەوە شان بە شانی یەکتر پێشکێش بکەن.

**بۆچی بایەخ بە فۆلکلۆرەکانمان دەدەین؟**

کەلەپووری نەتەوایەتی شێوەی ژیانی کۆنی پێش هەزاران ساڵی باووباپیرمان دەردەخات، پلەی شارستانی و خوو و ڕەوشت و بیر و

باوەڕیان پێشان دەدات ئەمانەیش هەموو سەرچاوەن بۆ ژیانی ئەمڕۆمان واتا ژیانی پێشوومان دەبەستێ بە ژیانی تازەمانەوە، چونکە ئەو کەلەپوورانە ئارەزوو و هەستمان بەهێز دەکات بۆ تێکۆشان و بەرهەم دەرهێنان بۆ نەوەکانی دواڕۆژمان هەروەکو باووباپیرمان پێشکێشیان کردین، ئەمە لە لایەکەوە لەلایەکی ترەوە. شارستانییەتی ئەمڕۆ پەردەیەکی تازەی داوە بە ڕووی ژیانی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا، وە بەرەو گۆڕانێکی گەورەی دەبات کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوانی کۆن و تازەدا پەیدادەکات، لەبەر ئەوە دەبینین ژیانی دانیشتوانی شارەکانی کوردستانی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لەگەڵ هی بیست ساڵ لەمەو بەر، وە لەگەڵ ژیانی لادێکانی ئەمڕۆماندا لە هەموو ڕوویەکەوە چ لە ڕووی کەلوپەلی پێویست چ لە ڕووی خوو و ڕەوشت و ئەو نەریتانەی کە لە کۆنەوە ماونەتەوە. کەواتە زۆر بە گورجی کەلەپووری نەتەوایەتی بەرەو بەکارهێنان دەڕوات. ئەوە شایی و زەماوەندە، ئەوە خەتەنە سوورانە، ئەوە شەوارە و میوانداریيە، ئەوە شێوەی لەبەرکردنە... هتد. هەمووی لە شارەکاندا گۆڕاوە. هەر بەم پێیە گەلێ شتی تر گۆڕاوە یان بەرەو بەکارنەهێنان دەچێت وەکو کەلوپەلی گڵین. تووڵین. خەڕاتی، ئەمەیش بە هۆی زۆریی بەرهەمی مەکینەوە کە بازاڕی پڕ کردووە لە ئەسپابی فافۆن و نایلۆن و شووشە و تەنەکە... هتد.

جاران ڕادیۆ نەبوو کۆڕی شەوان بە چیرۆك گێڕانەوە و مەتەڵ داهێنان و هۆنراوە و خوێندنەوە و گۆرانی وتن یاریکردن... هتد گەرم دەکرا، باو بوو ئەو کەسەی قسەی دەکرد سەربردەی بە نموونە دەهێنایەوە، یان پەندێکی لەگەڵ قسەکەیدا دەوت ئێستە ئەمانە لەناو شارەکاندا کەم بووەتەوە و بەرەبەرە لە ماوەیەکی کەمدا کشانەوە بۆ لادێکان وە لە لادێکانیشدا خەریکە بەرەو کزبوون دەڕۆن، لەگەڵ ئەوەیشدا دەزگای تایبەتمان نییە بۆ پاراستنیان وەك مۆزەخانە و نامەخانەی کتێب و دەستنووسە کۆنەکان. بگرە هەرچیمان هەیە هەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ دەیبیسین یان دەبینین. تەنیا

ئەمانەیشە سەرچاوەی کۆ کردنەوەمان لەگەڵ چەند کتێبێکی کەمدا. جا پێش ئەوەی ئەم سەرچاوانەمان لە دەست بچن پێویستە بە زووترین کات دەست بکەین بە کۆکردنەوەی بۆ پاراستنی لەسەر بنچینەیەکی زانستی.

ئێمە پێش ئەوەی دەست بکەین بەدەرهێنانی ئەم کتێبە لە هەموو توانایەکی خۆمان و چۆنیەتیی کۆکردنەوە و پاراستنی فۆلکلۆری کوردی دواین گەیشتینە ئەنجامێك ئەمە پوختەکەیەتی:

١- زۆری فۆلکلۆرەکانمان مۆزەخانەی تایبەتیان دەوێت، کە تیایدا بپارێزرێت. وەکو کەلوپەل و پێویستی ماڵ و لەبەرکردن و ڕازاندنەوە و ئامێری دەرهێنەر و... هتد.

٢- پێویستمان بە وێنەی سینەمایی هەیە بۆ پاراستنی نەریتی کۆمەڵایەتی وەکو هەڵپەڕکێکان، شایی و زەماوەند، خەتەنە سووران، سەمەنی لێنان، دەستارِ کردن و چوونە ناوڕان، شیوەن، شەوارە، جل شتنی سەرچەم... هتد.

٣- لە پاڵ ئەوانەدا پێویستمان بە مۆزخانەیەکە پەیکەری تێدا بپارێزرێ ئەو پەیکەرانە شێوەی گەلێك لە فۆلکلۆرەکانمان دەپارێزرێت وەکو لەبەرکردنی هەمەجۆرە و ڕازاندنەوە بە پەیکەرەوە، وەکو شێوەی خانووەکان. ئاشی ئاو... هتد. ئەوشتانەی کە گەورەن و ناخرێنە مۆزەخانەوە بەشێوە سروشتییەکەی خۆی.

٤- هەر پەلێك لە بەشەکانی فۆلکلۆر پێویستی بە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە هەیە بە نووسین ئەمەیش گەڕانێکی دوورو و درێژی دەوێت بە هەموو کوردستاندا لە لایەن شارەزایانەوە بۆ ئەوەی هەریەکەیان بکرێت بە کتێبێکی تایبەتی دوایش بپارێزرێ لە نامەخانەیەکدا بەو ناوەوە.

٥- پێویستە شێوەی دەنگی هەموو ئاوازەکان تۆمار بکرێت و بپارێزرێ کە

ئەمانەمان خستە بەرچاو وە بەراوردی توانای خۆمانمان کرد بۆمان دەرکەوت کە ئەم هەنگاوانە دەرامەتێك و کاتێکی زۆری دەوێت وە ئێستە لە دەستی ئێمەدا نییە. خۆ ناشبێت بە دەستی بە تاڵ ڕاوەستین چونکە کاتی ئیشکردنە و هەل لە کیسدان هەڵەیە، لەبەر ئەوە باشترین وە کورتترین ڕێگە بەلامانەوە ئەوە بوو کە جارێ بەشێوەیەکی نەزەری کەلەپوورەکانمان کۆ بکەینەوە لەگەڵ وێنەی ئەو شتانەدا کە خەریکن گوم دەبن. تا ئەو توانایەش دەست دەکەویت، کە هەمووی پێ کۆ دەکرێتەوە.

٦- پێویستە کۆمەڵێکی تایبەتی هەبێت بەناوی (کۆمەڵی کەلەپووری نەتەوایەتیی کورد)ەوە، وەکو کۆمەڵی فۆلکلۆری ئینگلیز کە هەشتا ساڵی بەسەردا تێ پەڕیوە. وە کۆمەڵەکانی نەتەوەکانی تر.

**وتەیەکی تر:**

پێش ئەوەی کۆتایی بەم پێشەکییە بهێنن دەمانەوێت بیخەینە پێش چاو کە بوونی پێوەندیی مێژوویی لە نێوانی هێندێ لە نەتەوەکانی جیهاندا وە تێپەڕبوونیان بە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵدا بووە بە هۆی ئەوە کە شێوەی هێندی لە فۆلکلۆری نەتەوەکان لە یەکتر بچن لەبەر ئەوە هەڵە نییە ئەگەر لەم کتێبەدا ببینن هێندی لە کەلەپووری نەتەوایەتیمان بەشێوە لەگەڵ هی دراوسێکانمان یان گەلانی تر لە یەکتر بچن، ئەم لەیەکچوونە لە کەلەپووری نەتەوەکانی تری جیهانیشدا زۆرە، وە مەرجیش نییە کە لە یەکتریان وەرگرتبێت.

## بەشەكانی فۆلكلۆری كوردی

١- فۆلكلۆری وێژە
٢- فۆلكلۆری نیگار
٣- فۆلكلۆری یارییەكان
٤- فۆلكلۆری ساز و ئاواز
٥- فۆلكلۆری لەبەركردن و ڕازاندنەوە
٦- فۆلكلۆری خۆراك
٧- فۆلكلۆری ئامێری دروستكەر و بەرهەم دەرهێنەر
٨- فۆلكلۆری نەریتی كۆمەڵایەتی
٩- فۆلكلۆری كاسە و كەوێڵ و نەختینەی ماڵ
١٠- فۆلكلۆری تیماركردن
١١- فۆلكلۆری باوەڕی كۆن
١٢- فۆلكلۆری خانەسازی
١٣- فۆلكلۆری ڕاو و چەك
١٤- فۆلكلۆری پیشەكان
١٥- فۆلكلۆری كەلوپەلی ئاژەڵ
١٦- فۆلكلۆری ئەستێرەوانی و كەش.

# ١ - فۆلكلۆری وێژە

هـەشت بـەشـە:

چیرۆك، هۆنراوە، پەند، مەتەڵ، ئامۆژگاری، پڕوپاگەندە، وتەی جێگر، گاڵتەوگەپ.

چـیـرۆك: دوو بـەشـە: درێژ، كـورت، وە بـە تـێكـڕاش یـا مـنداڵانـەیـە یـا بـۆ گەورەیە.

چیرۆك بە گوێرەی جۆری سێ بەشە:

١- **چیرۆكی ڕووداو**: چیرۆكی ڕووداو دەكرێ بە دوو بەشەوە:

أ- چیرۆكی پەندەكان: ئەو چیرۆكانەن كە پەندەكانیان لەسەر وەرگیراوە، وەكو: بانێكە و دووهەوا، گەزی چی و جاوی چی. وە ئەم چیرۆكە بچووكە نموونەیەكیەتی:

خێزانی پیرەژنێك كە كوڕێكی خاوەن ژن و كچێكی شووداری دەبێت لەسەر بانێك دەنوون، پیرەژن ئامۆژگاری كچەكەی و زاواكەی دەكات دەڵێ: تـەك بـدەن بـەلای یـەكـەوە بـا سەرمتـان نـەبێ وە ئـامـۆژگاری كوڕەكـەی و بـووكـەكـەی دەكـا بـە تـوورەییـیـەوە پێیـان دەڵێ: ئـەوەنـدە تـێ مـەخزێن بـا گـەرمتـان نـەبێ، بـووكـە كـە هـەڵدەداتێ دەڵێ: بۆچی ئـامـۆژن بـانێكـە و دووهـەوا؟ ئەم وتەی بوو كە بووە بە پەند لە جێگەی خۆیدا بەكاردەهێنرێ.

ب - چیرۆكی سادە: ئەو چیرۆكانەن كە پەندیان لەسەر دانەنراوە كە ئەمە نموونەیەتی: كوڕێك زۆر ئازاری دایكی دەدات ناچار دایكە دەچێتە لای قەرەنی ئاغای فەرمانڕەوای توندوتیژ سكاڵای خۆی بۆ دەكات، قەرەنی ئاغا دەڵێ بچۆ بانگی كە، كە ژنە دێتە دەرەوە سەیر دەكات هەر زەلامە و سزا دەدرێ لە سووچێكی كۆشكەكەدا، یەكێ بەداركاری، یەكێ بە

هەڵواسین، یەکێ بە داخکردن. کە ژنە ئەمە دەبینێ بەزەیی بە کوڕەکەیدا دێتەوە و پەشیمان دەبێتەوە لەبەرئەوە کە دێتە دەرەوە کۆڵ هەڵگرێك دەبینێت وە پێی دەڵێت وەرە قەرەنی ئاغا بانگت دەکات، کۆڵ هەڵگر لە گەڵیدا دەڕوات، قەرەنی ڕووی تی دەکات دەڵێ: هەتیو بۆچی ئازاری دایکتت داوە؟ کابرا دەحەپەسێ و تەماشایەکی ئافرەتەکە دەکا و دەڵێ: قوربان کەی ئەمە دایکمە؟ قەرەنی ئاغا لێی هەڵدەسێتەوە سەرپێ و دەست دەکات بە تێ هەڵدانی وە دەڵێت لەبەر دەمی منیشدا حاشا لە دایکت دەکەی؟ بیبەن بۆ زیندان، کابرا لە تاوا دەپاڕێتەوە وە دەنوسێ بەدەستی ژنەدا کە تکای بۆ بکات، لە ئەنجامدا قەرەنی ئاغا دەیبەخشێ وە دەڵێ هەر ئێستە لەبەر چاومدا بە کۆڵ هەڵی گرە تا ماڵەوە وە دڵنەواییی بکە، ئەگەر جارێکی تر بێت و سکاڵات لە دەست بکات لە ژێر دارا دەترزێنم، کابرا ژنە دەکاتە کۆڵ وە لە ڕێگە تووشی هاوڕێیەکی خۆی دەبێت لێی دەپرسێ ئەوە کێیە بە کۆڵتەوە؟ وەڵامی دەداتەوە: دایکمە. هاوڕێ دەڵێ کوڕە من دایکت دەناسم کەی ئەوە دایکتە. کۆڵ هەڵگر وەڵام دەداتەوە دەڵێ: من دەزانم دایکم نییە بەڵام بڕۆ قەرەنی ئاغا تێ بگەینە.

**٢- چیرۆکی ئەفسانە**[١]:

ئەمە نموونەیەکیەتی: «بەختیار و بەدبەخت»

دووبرا بوون بڕیاریان دا کە بڕۆن بۆ پارە پەیداکردن، کەوتنە ڕێ لەسەر کانییەك لایان دا بۆ حەسانەوە، بەدبەخت بە بەختیاری وت با توێشوەکەی تۆ بخۆین، توێشوەکەی منیش بۆ جاری دووەم، بەختیار قایل بوو وە هەرچی پێی بوو خواردیان. پاش بڕینی ماوەیەکی دووری تر برسییان بوو،

(١) لە «قواعد اللغة الكردية» هی تۆفیق وەهبی وە وەرگیراوە.

بەختیار بە بەدبەختی وت نۆرەی توێشووەکەی تۆیە بیخۆین، بەدبەخت لە وەڵامدا وتی من بەشی تۆی لێ نادەم هەربەشی خۆم دەکات، بەختیار کە ئەم ناپیاوییەی لە براکەی دی، پێی وت کەواتە لەم کاتەوە من هاوڕێی سپڵەیەکی وەکو تۆ ناکەم وە لەم دووڕێیانەدا جیا دەبینەوە، بەدبەخت و بەختیار هەریەکەیان ملی ڕێگەیەکی گرت. پاش ماوەیەك بەختیار تووشی ئاشە کۆنێك بوو، ئەو شەوە تیا ستاری کرد وە لەپشت دۆڵیانەکەوە خۆی ما تدا، ئەوەندەی پێ نەچوو شێرێك، وە لە دوای تۆزێك پڵنگ، کەمتیار، چەقەڵ، ڕێوییەك لە دوای یەك خۆیان کرد بە ژووری ئاشەکەدا و لەبەردەمی دۆڵیانەکەدا دانیشتن. شێر ڕووی کردە ڕێوی و وتی: ئەوە بۆچی ماوەیەکە هیچ دەنگوباسێکت بۆ نەگێڕاومەتەوە؟ ڕێوی وەڵامی دایەوە وتی: بەڵێ قوربان تازە دووئاگام دەست کەوتووە کە ئەمەیە: مشکێك لەم ئاشە کۆنەیەدا دوازدە پارچە زێڕی هەیە هەموو بەیانییەك کە خۆر دەکەوێتە ناو ئاشەکەوە دەیانهێنێتە دەرەوە وە لەبەر خۆرە کە یارییان پێ دەکات، کە خۆرەکەش لاچوو دەیانباتەوە کونەکەی خۆی، ئەم گردە بچووکەی پشت ئاشەکەیش حەوت کووپەڵەی پڕ زێڕی تێدا شارراوەتەوە، لە پاش چەند گفتوگۆیەکی تر ئەنجومەنی دڕندان بڵاوەیان لێ کرد. بۆ بەیانی کە هەتاو کەوت مشکەکە زێڕەکانی هێنایەدەرەوە وە بەختیار پەلاماری دا هەڵی گرتن وە چوو کووپەڵە پڕ لە زێڕەکانیشی دەرهێنا و لە زەویەکدا کۆشکێکی نایابی بە هەموو تفاقێکەوە دروست کرد وە کۆشکەکە چواردە دەرگای هەبوو لەبەردەمی هەر دەروازەیەکدا ژوورێك هەبوو ئاوی ساردی لێ دانابوو بۆ ڕێبوار، ئامۆژگاری نۆ بەچییەکانی کرد کە ئەگەر چاویان بە یەکێك کەوت ئاوی خواردەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا بیهێنن بۆلای. پاش ماوەیەك ئەوەی ئەو ویستی هاتەبەر دەستیان و بردیان بۆی، کە چاوی بە ڕێبوار کەوت ناسییەوە کە بەدبەختی برایەتی، دەستی کردە ملی و دڵخۆشیی دایەوە وە بەڵێنی پێ دا کە سامانەکەی بکا بەدوو بەشەوە بۆ هەردووکیان،

بەڵام بەدبەخت لە باتی سوپاس وتی ئەم سامانەت لە کوێ بۆ تا منیش بڕۆم وەکو تۆ پەیدای بکەم، بەختیاری ناچار کرد کە سەر بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕێتەوە، ئینجا بەدبەخت وەکو براکەی چووە پشت دۆڵیانی هەمان ئاشەوە لە پاش ماوەیەك ئەنجومەنەکەی پێشوو دڕندەکانەوە گیرایەوە، شێر لە ڕێوی پرسی بۆچی ماوەیەکە دەنگ و باسم بۆ ناهێنیێ؟ لە وەڵامدا ڕێوی وتی قوربان! جاری پێشوو ئەوە بوو کە وتەکەمان کرد ئادەمزادێ لە پشت دۆڵیانی ئاشەکەوە خۆی مات دابوو وە گوێی لە هەموو وتەکانمان بوو، بۆ بەیانی کووپەڵە زێڕەکان و پارچە زێڕەکانی برد وە کردی بە کۆشك و تەلار، ئێستەیش هیچ ناڵیم تا ناو ئاشەکە نەپشکنی، شێر فەرمانی دا کە بگەڕێن، هەموو لە پاش کەمێك بەدبەختیان دۆزییەوە و هێنایانە دەرەوە لەتوپەتیان کرد و خواردیان.

**٣- چیرۆکی نیشانە** «ڕەمزی»:

ئەمە نموونەیەتی:

لە دوا دوایی زستاندا بەفر دەنێرێتە خوازبێنی هەڵەکۆك[١] لەوەڵامدا دەڵی: من هێشتا پرچم نەکردووە و چاوم نەڕشتووە با کاتی خۆی بێ شووت پێ دەکەم. کە بەهار هات و بەفر دەستی کرد بە تواندنەوە و کشایە سەر لووتکەی شاخەکان، هەڵەکۆك ناردی بۆ لای بەفر کە بێت بۆخوازبێنیی. بەفر وەڵامی بۆ دەنێرێتەوە دەڵێ تازە من پیربووم وە بەم هۆنراوەیە کۆتاییی بە وەڵامەکەی دەهێنێ:

هەڵە کۆکە پرچنە
چی وەخت و وادەی ژنە
چۆڕەم کەوتووە لە بنە
چیمە لە ماڵ و ژنە

(١) هەڵەکۆك گیایەکی شاخییە دەخورێت و کە پێ دەگات گەڵاکانی شۆڕ دەبێتەوە.

تێبینی:

دەستوور وابوو پێش گێڕانەوەی چیرۆك بەتایبەتی چیرۆکە درێژەکان، چیرۆك بێژەکە پێشەکییەکی دەوت ئینجا دەستی دەکرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە، ئەمە نموونەیە ئەو پێشەکییە پیشان دەدا کە پەخشانێکی بە نرخی کوردە.

## پێشەکی چیرۆك

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو وە کەس لە بەندە ڕووڕەشتر نەبوو، کۆسە مرد کفنی نەبوو، هەڵیان گرت جێگەی نەبوو، دایان نا ڕێگەی نەبوو، خستیانە تاق چاوی چوو بەزاق، خستیانە بن میچ دانی چوو بە ڕیچ، خستیانە کەڵەك، کەڵەك ڕووخا، وتیان کەڵەك بۆ ڕووخایت؟ وتی ئەی بۆچی گیا لە بنم سەوز دەبێ، وتیان گیا بۆ لە بنی سەوز دەبیت؟ وتی ئەی بۆچی بزن سەرقرتم دەکات، وتیان بزن بۆ سەرقرتی دەکەیت؟ وتی ئەی بۆچی گورگ چاوم لێ زەق دەکاتەوە؟ وتیان گورگ بۆ چاوی لێ زەق دەکەیتەوە؟ وتی ئەی بۆچی شوان حەلەلەم لێ دەکات؟ وتیان شوان بۆ حەلەلەی لێ دەکەیت؟ وتی ئەی بۆچی داپیرە نایەڵی شیر بدۆشم، وتیان داپیرە بۆ نایەڵی شیر بدۆشیت؟ وتی بۆچی مشك سەر دۆڵم دەخوا، وتیان مشك بۆ سەر دۆڵی دەخۆیت؟ وتی ئەی بۆچی پشیلە چاوم لێ زەق دەکاتەوە وتیان پشیلە بۆ چاوی لێ زەق دەکەیتەوە؟ وتی:

گووەکەی ئەلە بەڕیشم
ئەگەر لێرە بنیشم
ئەچمە شاری تاران
جگەرەی قوت قوت دەکێشم

وەبەم جۆرەش کۆتاییی پێ دەهێنرا:

منیش هـاتمەوە و هیچیان نەدامێ، وە یان دەوترا:

چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز
مـەرگی ئێوە نەبینم هـەرگیز

**هۆنراوە:**

هۆنراوەکان بـە پێی بـابـەت دوازدە بـەشە:

**١- هۆنراوەی لای لایە:**

ئەو هۆنراوانەیە کە دایك بە گۆرانییەوە بۆ کۆرپەکەی دەڵێت، وەکو:

هـەرچی کۆرپـەکـەم نـەلاوێنێ
کـەرەی بــەهــار نــەتــاوێنــی
بــەسەر نــانــیــا نــەساوێنــێ

***

هــەرچی کۆرپــەکـەم بـانگ نـەکا
خــەلــە لــە خــەرمـــان نــەکـا
ساڵــی جــارێ نـــان نـــەکـــا

**٢- هۆنراوەی یاریی منالان:**

ئەو هۆنراوانەن کە منال لەگەڵ یارییەکان دەیانڵێت بە ئاوازی سادەی تایبەتییەوە، وەکو:

حــلــی حــلــلــی بـل بــلــلــی
چــاوم ڕشتــووە بــە کــلــلــی
کــلــلــی نــەبـوو سۆفـی بـوو
لــە مــاڵــەکــەی سۆفـی بـوو
سۆفـی چـوو بـوو ژن بـێنی
ژنــی شەفــە گــول بــێنــێ

شەفــە گــولــم کــوتـــاوە
لـــە مـــوسڵـــم بـــەرداوە
مـــوسڵ خشتـــاوخشتـــە
شیــری کــاکــم لــە پشتــە

***

هــەلــوور بــلــوور تــەکــامــە
زەرد و سوور و شەمـــامـــە
ئـــــــاوە بـــــــەرە
دەنـــــــکـــــــە زەرە
مێخم کوتـا مێخ هـەڵبەزی
تیکەی ڕاستم ئەمەی گەزی

**٣- هۆنراوەی لاواندنەوە:**

ئـەو هـۆنـراوانـەن کـە لـە پرسەکـاندا بـە بـاڵای مـردووانـدا هـەڵدەدران بـە گۆرانی لاواندنەوەوە، وەکو:

نــەمــامــێکـم نــاشت بــەڕووی کــەنــدەوە
نــەمــام هــاتــەبــەر خـوا لـێی سەنـدمـەوە
هـەر کۆچ کۆچت بوو کۆچت کرد بەڕاست
وەختــێ کـۆچت کـرد هـیمـەتت نـەخواست
کــەس بــە وێنــەی مـن ئـاو نـەبـێ لـە جـۆ
نــەك خـوا نــەخـواستــە بـبــێ رەنجەڕۆ

**٤- هۆنراوەی دڵداری:**

ئەو هۆنراوانەن کە سۆزی دڵداری دەخاتە ڕوو، وەکو:

خۆزگەم بە دەرزی تیژ و تەنکە
دایم پاسەوان سینە و مەمکە

شەرت بێ لە داخت تەرکی دنیا کەم
کەشکۆل هەڵگرم ڕوو لە سەحرا کەم

خوایە هەڵکەی ئەوە کێوە لەبن
بەڵکو دەرکەوێ نووری دیدەی من

چاوان مەڕێژە هێشتا منالی
قۆخی نەگەییو هەڵووژەی کاڵی

**٥- هۆنراوەی دەمەتەقێ:**

ئەو هۆنراوانەن کە لە نێوانی دوولادا دەوترێ وە بۆ یەکی دەسێننەوە، وەکو دەمەتەقێی ئەم کوڕ و کچە:

کوڕ:

کەنیشکە کوردەی ماڵ لە نۆ هەوار
ماچێکم پێ بدە گاکەت بۆ بکەم بار

کچ:

کورە نەتۆ بی و نەخاوەنی بار
چەفتەی حەوت برا من چۆن دەکەم لار

**٦- هۆنراوەی پەخشان:**

ئەو هۆنراوانەن کە پەخشانن. ئەمیش پیشانی دەدات کە کورد لە ماوەیەکی کۆنەوە هۆنراوەی پەخشانی هەبووە وە ئەو جۆرەی لە گۆرانییەکاندا دەردەکەوێ. وەکو: لاوك، حەیران. کە ئەمە نموونەیەتی:

لە سپیلکان لە سپیلکی سەرخانی،
براینە، برادەرینە ئەورۆ، سبیانێ،
بایەك دێ لەگەڵ تاوەکی بارانی،

ئەمن دەڵێم هەرچی خێر خوازبی، جوابەکی لە بۆ من بداتەوە حەیرانی...

ئەمن ئەورۆ کە سەری چەند ڕۆژانە مایمەوە لە جێ ژوانی. دەبا فەسڵی بوهاران بووبامە خەرجەستینی ماچان لە پێشەوپێشی خەلیفانی. لە زار گەلی عەلی بەگی، لەسەر پردی رەواندزی، لە هۆرنی باڵەکیانی، لە چارچەلی هەرکیان، لە سپیرێزی خەیلانیان، لە مێرگە چەتووی مەمودیان، لە بەراییی کۆچ و کۆچباری لەسەر کۆسپەی کاولە بێجانی.

هەروا بێتەخوارێ لە روست و گرتکان سبیانان لە کیژوکاڵی دیانان، ناوەڵلا لە شەقلاوەی، لەسەر کانی ساقاوتی، دەبا بێتە خوارێ لەبۆ من لەسەر کانیی بەحرەکەی، لەوان، سەر بە لاسەران یەخە بە دووگمان ئەوەتی بوهارێ لە دەشتی قەراجێ لە کیژۆڵە دزەییان بە دەستی بە بازن بەسەرەکی بەهیزار لەمن دەکوتنەوە کۆزی لەگەڵ کوتانی[١].

### ٧- هۆنراوەی گاڵتەبازی و زەم:

ئەو هۆنراوانەن کە بۆ گاڵتە یا زەمکردن بەکارهێنراون، وەکو:

ئێسکت مرێ ئێسك گران
حەسیرە شڕەی گوێ ئاگردان
فەقیانە چەرمو سەڵتەبابردو
تۆ ژنت بۆ چییە لە برسامردو

***

---

(١) لە حەیرانەکانی گۆرانیبێژ رەسول گەردی لە کۆواری شەفەق ژمارە سێ ساڵی(١) ساڵی (١٩٥٨) وەرگیراوە.

دانت وردو جـوان هــەروەك دەنـكـەجـۆ
مـەمكت شل و مل هـەروەك مـەشكەی دۆ
بــالآ هــەروەكــو كــەنــووەگــڵــێنــە
مـەدحی كوێت بكـەم لـچ قـولـفـەسوێنـە

**٨- هۆنراوەی پیاهەڵدان (وەسف)**

ئەو هۆنراوانەن كە بۆ وەسفكردن بەكارهێنراون، وەكو:

هـــــەروا دەڕوا دەڵـــێی پــــۆڕە
گـوارەی ئـاڵـتـون لـە گـوێی شۆڕە
دەڕوا دەڕوا وردە ڕەوتـــــــــــە
دەڵـێی كـۆتـری بــەرمـزگـەوتـە
بــالآ بــە بــەرزی قــەد بـاریـكـی
ئەستێرەی سیوەیل كەوتە تاریكی
بـالآكەت بـەرزە حەزم كردووە لێت
بـەخـیـلـی نـابـەم خوا داویـە پێت

**٩- هۆنراوەی پەند:**

ئەو هۆنراوانەن كە پەند دەبەخشن. وەكو:

كشە كشە پـــــۆپـــــەڕەشە
مـیـوان جـارێ دووجـار خـۆشە
كە بـاران بـارێ جووتم دەگەڕی
بـاران نـەبـارێ ئـاشم دەگەڕێ
هـەرچـی كـەسێ تـۆ دەیـبـینـی
مــەگــەزە لــەسەر شیـریـنـی

### ١٠- هۆنراوەی ئاینی:

ئەو هۆنراوانەن کە بۆ ئامانجی ئاینی بەکارهێنراون، وەکو:

شەوی شەوی بـــــەراتــــــێ
خوا دوو کوڕ و کچێکتان باتێ
خـــاتـــوونـــی سەر بـــە زێڕی
دەست لـــە کـــەنـــووان بـــگـێڕێ
بـــەشی مـــنـــالان بـــنـــێرێ

یـاهـو یـا مـەلـهو مـەل بـە حـەواوە
کۆڕەی زیکر دێ لە خانەی خواوە

### ١١- هۆنراوەی کەش:

ئەو هۆنراوانەن کە بۆ زانینی ئاو و هەوا بەکارهێنراون. وەکو:

جومعە ببارۆ شەممە خۆش کەرۆ
شەممە ببارۆ پێنج و شەش کەرۆ

چـــوالـــە درۆزن بـــەلالـــوك عـــەیـــار
دارەبـەن پشکووت بـەهـار هـەی بـەهـار

کـــۆتـــەرەی پـــاڵ کـــەنـــووان
هــەڵـگـرە بــۆ هــەرمــێ پشکوان

هـــەور بـــلـــو پـــاوە
ژەنـــی مـنـیـا هـەڵاوە[١]

---

(١) واتای ئەم دوو هۆنراوە ئەوەیە، کە ئەگەر هەور بەرە و پاوە بڕوات، ژن دەچێتە دەرەوە بۆجاوکردن، واتا خۆش دەبێت. وە ئەگەر هەور بەرە و دێی (سڵێنی) بڕوات، مریشك دەچنە کولانەوە، واتا باران دەبارێ.

هــەور مــلــو سێنــە
کـەرگـی مـلا کولێنە

***

**١٢- هۆنراوەی مەتەڵ:**

ئەو هۆنراوانەن کە مەتەڵیان تیایە. وەکو

قەڵای گەچین ڕێی نییە تێی چین (هێلکە)

چل ناڵ چل بزمار چل چلۆکەی چل هەزار (پشتەسەر)

ئەم پەرژین ئەولا پەرژین تیایەتی کۆترێکی نەخشین (چاو)

ئەملا دیوار ئەولا دیوار تیایەتی سەگێکی هار (زمان)

**پەند**

ئەم وتە کورتەیە کە بیرێکی مەبەستداری تێدا چەسپیوە.

پەند دوو جۆرە:

١- ئەو پەندانەی کە لە ئەنجامی ڕووداوێکەوە داڕێژراون. وەکو.

خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە.

دەوەن بە ئاشە.

ڕەحمەت لە کفندزی پێشوو.

مشتەی ناو هەمانەکە کوشتوومی.

٢- ئەو پەندانەی کە زادەی بیری پێشینانە. وەکو:

دۆست ئەوەیە دەمگرێنێ، ئەوەیە دەمکەنێنێ.

دۆستی دۆستم دۆستمە، دوژمنی دوژمنم دۆستمە.

زمان بێڵێ سەر ڕەحەتە.

هاوین بەرگی هەژارە.

دوو گا لە دۆڵێکدا بن رەنگی یەك نەگرن خووی یەك دەگرن.

دراوسێ لە دراوسێ دەگرێ سەراسێ.

تێبینی: ئەو پەندانە هەندێك یان بە هۆنراوەیی دانراون وەك لە هۆنراوەکاندا باسمان کردوون وە هەندێکیان بە پەخشان دانراون.

**مەتەڵ**: یا هۆنراوەیە کە باسمان کردووە لە هۆنراوەدا یا پەخشانە:

مەتەڵ دوو جۆرە:

١- بۆ هەڵهانین وەکو:

چل ناڵ چل بزمار چل چلۆکەی چل هەزار. (پشتەسەر)ە

هەر دەڕۆیت و نایگەیتێ. (سێبەر)ە

دووی لە خۆر سێی لە سێبەر. (نوێژ)ە

سایەقەی سامالْ هەوری فەرەنگی دوو ئاو لە جامێ هەر یەك لە ڕەنگی. (هێلکە)یە

٢ - بۆسەر لێ تێکدان و زمان تەتەڵە پێکردن وەکو:

چوومە چەمی چەقان، چەقەڵ چەڵتووکی دەتەقان.

قەلە باچکەی سەر مێوێ، جار جار کلکی دەبزێوێ، خشپ کلکم بە قنگی، قنگی بە کلکم. سوارێ هات لەولاوە سێ توورەکە بەدواوە، یەکێ توو، یەکێ موو، یەکێ گوو، چنگم دا لە موو، قەپم دا لە توو، لەقەم دا لە گوو.

**ئامۆژگاری**:

ئەو وتانەن کە زانایانی کۆن بە هۆیانەوە ڕێگەی راستی کۆمەڵایەتی و ژیانیان فێری مرۆڤ کردووە، سا بە هۆی وشەی (گوناهە)، یان (فریشتە)،

شەیتان، یا خێو، یا (شەڕ)ەوە یا هەر شتێکی ترەوە بووبێت وەکو:

ئێوارە وەختە دەرگا داخە با شەیتان ڕوو نەکاتە ماڵەکەت، بەیانیان زوو دەرگای ماڵەکەت بکەوە با رەحمان ڕووی تێ بکات.

شەق لە منداڵ هەڵمەدە با فریشتەی لێ دوور نەکەوێتەوە.

ئاو بە پشیلەدا مەکە با بالووکە دەرنەدەیت.

بەگەسك لە منداڵ مەدە با تەمەنکورت نەبێت.

ئاگربازی مەکە با میز نەکەیت بە خۆتدا (بۆ منداڵە)

**پڕوپاگەندە:**

ئەو وتانەن کە فرۆشیارەکان ماڵەکەی خۆیانیانی پێ خۆشەویست و باش دەکەن لای کڕیار، وە بە بانگەوازی تایبەتییەوە کە نیمچە ئاوازێکە دەیڵێن وەکو:

خەیاری گوڵبەدەمە خاڵۆ.

ڕێواسی کەلیخانە.

ئەوەندە خەستە خورەی نایەت لەمەرکانە بۆم دەرنایەت.

خورمای بێ ناوکە چەوەندەر.

بابەلێ بە لیۆ دەخورێ.

پێخۆری ناوێ.

تا نەیخۆی نازانی چییە؟

**وتەی جێگر:**

ئەو ڕستانەن کە جێگەی بیرێك یا هەستێك دەگرن وەکو:

* تازە ئەو باوکەی مرد.

* پڕ بەپیسێتیەتی.
* چەرخی لە چەمەر دەکێشم.
* کونەمشکی لێ بوو بە قەیسەری.
* دەڵێی بڕەنۆکە.
* دەمی دەڵێی گاوەخانە.
* ئەو دەستە بنێرە ژوورسەرت.
* بڕۆ پشتێنی لێ بکەرەوە.
* سەری دنیای لێ هاتووەتەوە یەك.
* لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە.
* کارێکی پێ کرد با بەدەواری شڕی نەکات.
* دەڵێی من کرە دەکەم و ئەو دەیخوات.
* سەری دنیا بە پووش نەگیراوە.
* دار و دیوار گوێی هەیە.
* ئاسمان ئەستوونی دەوێت.
* کەروێشك بەگا دەگرێت.
* وەکو نیسك وایە بەروپشتی بۆ نییە.
*کار لە کار ترازا.
*حەوشەکەی خوارەوە.
* ئەمانە قسەی گوێ ئاگردانن.
* نانی هاریی گرتووە بەدەمەوە.

## ٢- فۆلكلۆری نیگار

ئـەو نـیگـارانـە کـە بـە پـەنـجـەی هـونـەرمـەندانـی کـورد کـێشراون وە ئـەمـانـە نموونەیانن:



نیگاری سەربەڕە



نیگاری سەر پوپەشمین



نیگاری سەر جاجم



نیگاری سەر گۆرەوی



نیگاری سەر دیوار



نیگاری سەر بەرماڵ



نیگاری سەر مافوور



نیگاری سەر دیوار



نیگاری سەر پانیبەرز



نیگاری سەر پەنجەرە



نیگاری سەر سینی



نیگاری سەر لباد



نیگاری سەر چیغ



نیگاری سەر زین



نیگاری سەر سەڵتە



نیگاری سەر دیوار



نیگاری سەر کەوچکی ماستاو



نیگاری سەر پەنجەرە



نیگاری سەر سەماوەر

## ٣ - فۆلكلۆری یارییەكان

ئەو یارییانەی كە كورد لە كۆنەوە بە كاری هێناون كە ئەمانەن:

ئەمیش دوو جۆرە.

**منالآنە**: ئاخچی بووخچی، حل حللی بل بللی، عەتەكە عەتەكە، چاوشاركێ، بووژانەوە، هەی جۆ (قەلاّقەلاّ). خەت خەتێن چاو بەستنەوە، گۆشتی قەڵەو. ڕاكردن لەسەر یەكەمی (پێشكەوتن)، هەڕەكان و مەڕەكان. هەلووكێن. سنجووقێن. مزراحێن. سەر بەدراوێ، كۆلارە. بەهەشت و جەهەنەم (پاك و پیس). هەلوور بلوور. ساف سافین. مەلاكوێرە. موورمووڕین. كۆڵ كۆڵێن. حەمامۆكە. ئاشنانەوە، هەنگڵەشەلێ. فڕیوە. پشیلەسوورە. گەنم گەنم. چاڵییە. دەست بەدیوار، دیقەدیقە. ئاگرە. كلاّشین. حێولانێ. چەچەڵەزرێ. هەیدار – هەیدار. گورگ و مەڕ. خەتەكەبزێ. پەلكی پەكان. سوێندە گورگانە. كێل و بەرد. حەوت بەردە و حەوت هەنگاوە.

**گەورانە**: جوغزێن. نانێن. راوە ژیشك. پاشا بەگەردانێ سێباز. كەوشەك. یەكە و حەیزەران. فنجانین. (سنگ و زوڵفانێ) تەقیلە لەبان تەقیلە. مەلاتەقتەقێنە. كلاوێن (گۆرەوییبازی)، هەڵمەقۆ، واغێن، هەڵماتێن، ئاشە بەتەنگدوورێ، گوریس كێشەكێ، قەلەمردارێ، چەڵەمەشكێنە، تەڵەوڕێوی، زۆرانبازی، زۆرپاریی تریش باوە وەكو: شەڕە كەڵەشێر، شەڕە كەو، شەڕە سەگ، ڕمبازی، نیشان نانەوە، ورچ هەڵپەڕاندن، جریتبازی.. هتد

تێبینی: ئەو یارییانەی كە گەورە دەیانكرد زۆر جار مندالآنیش چاویان لێ دەكردن.

## ٤ - فۆلكلۆری ساز و گۆرانی

ئەمە دوو بەشە:

**١- ئامێرەكانی ساز**

**٢- ئاوازەكان**

**١- ئامێرەكانی ساز ئەمانەن:**

**شمشاڵ:**

یا لولك (لە قامیش، زەرد، لە داری بەلاڵووك. فافۆن) دروست دەكرێت، ئەمانەش بە فوو پیاكردن لێ دەدرێن بێ ئەوەی فیكەی هەبێت.



**تووتەك:**

وەكو شمشاڵە بەڵام فیكەی هەیە، پێشی دەوترێت بلوێرە كەتە لە داری هندستان وە یا لە قامیشی سوورقاوشان دروست دەكرێ.



**زوڕنا:**

لە دار دروست دەكرێ. سەرێكی پانی وەكو ڕەحەتیی هەیە. خۆی جووزەلەی هەیە بۆ دەنگ دەرهێنان كە پێی دەووترێ (پیكە)، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێكیان دوو پیكەی هەیە.



**باڵەبان:**

ئامێرێکی سازە. شێوەی دروستکردنی: دارێکی ناو بۆشی کون کون کە وەکو شمشاڵە، لە ناوەڕاستی خوارویدا قامیشێکی کورتی پێوەیە، بەسەری قامیشەکەوە هەمانەیەك چەسپەکراوە، لە خوارووی هەمانەکەوە قامیشێکی نەختێ درێژ چەسپ کراوە، تا هەمانە کە پڕ دەبێ فووی پیا دەکرێت. کە پڕ بوو ئینجا هەوای ناو هەمانە کە بەناو دارە کون کوناوییەکدا دێت، سازژەنەکەش بە پەنجە دەست دەکات بەلێدانی، لە ئەنجامی هاتووچۆی هەواکە و دەرچووندا دەنگێك پەیدا دەکات. وە بۆ ئەوەی بای ناو هەمانەکە دەرنەچێت ڕێگرێك (صمام)ێك لە کونی فوو تێکردنەوەکە چەسپ کراوە.



**تەپڵ:**

بنکەی لە زەرد یان لە مس دروست کراوە پێستی خاو بەدەمەکەیدا دەگیرێ وە بە دوو قامیش لێ دەدرێ. جۆرێکی تری هەیە دوو تەپڵی بچووکە بەیەکەوە، پێی دەوترێ تەپڵی سواری.



**دوردگ:** جۆرە تەپڵێکە.



**دەهۆڵ:**

کەمەیەکی قووڵی دارینە، پێستی خاو گیراوە بە هەردوو دیویدا. دیوێکی بە کوڵە گۆچان وە

دیوەکەی تری بە شوولێکی تایبەتی باریك لێ دەرێ.

**کەڕەنا**:

لە دارێکی یەك پارچە دروست دەکرێت. دەنگەکەی زۆر گڕە. بۆ ئاگاداریی جەنگ بەکاردەهێنرێ. ئێستەیش بۆڕی جەنگی سوپایی کە لە زەرد و مس دروست دەکرێت، هەر لەسەر ئەو شێوەیە دانراوە.



**٢- ئاوازەکان**[١]:

ئاوازە کوردییەکان دوو جۆرە، ترازودار و بێ ترازو.

(١) **ترازودار**: ئەمیش سێ جۆرە:

**أ** – بەستە: ئەمیش خاوی هەیە وە گورجی هەیە.

**خاو** وەکو:

ئەرێ هۆ لە یلی
باوانم لە یلی
کوشتەی خاڵی تۆم
بۆ وا بێ مەیلی
خاوەر خاوەر خاوەر
شەکری لە پاڵ سەماوەر

***

نازداری نازەنینی
قەد باریکەی لیمۆڕەنگ

---

(١) لە نووسینەوەی ئاوازەکاندا هونەرمەند قادر دیلان یارمەتییەکی باشی داین.

یارەکەم هەرتۆی
دڵەکەت نەبێ تەنگ

***

چاووت ڕەشە کاڵێ بە کاڵت قەسەم
بە جووتێ لیمۆی بن باڵت بەستەم

***

هەی بەلار و بەلار و بەلارەوە
تووسەری باوکت وەرەماڵەوە

**گورج** وەکو:

شیرینێم خانم
کچەکە تۆی باوانم
کابرا لێی داوی
دەك ماڵی وێرانم

***

خڕبیژەنە ژەنیاگە
وەك کاڵەی کۆن گەنیاگە

ب- هەڵپەڕکێ: ئەو ئاوازانەن کە لە زەماوەندا لەسەری هەڵدەپەڕن وە لەسەر بنچینەی دووردگ (تێم پۆ) دانراوە وەك: گوڵ شێنێ، کەمەرەلەرزێن. ڕۆینە. شێخانی. هەڵپەڕینی گەورە.

ج- ئاوازی بێ دەنگ: ئەو ئاوازانەن کە بە ساز لێ دەدرێن وەکو:

سەحەری، چەمەری، یاریارییە.

(٢) **بی ترازو**: ئەو ئاوازانەن کە هەموو مەقامەکان دەگرنەوە، ئەمیش دوو بەشە:

أ– پەیژە گەورە: (پلە گەورە). وەکو: مەقامی ئەڵڵاوەیسی. ئەڵوەن. سەهەر. لە باخان. چوار گا. پێنج گا.

ب– پەیژە بچووك: وەکو: قەتار . لاوك. حەیران. ئای ئای. خورشیدی. هیجرانی. سیاچەمانە. نیوەشەوی. عەبدالّی. خەلیلۆ. مەترانۆ. بەیاتی کورد. قەتاری سنە (دەشتی).

## ٥ - فۆلکلۆری لەبەرکردن و ڕازاندنەوە

ئەمیش ژنانە. پیاوانە. کچانە. کوڕانە دەگرێتەوە.

**ژنانە (لەبەرکردن):**



کەواتە(١)، کراس، دەستماڵ، کۆڵوانە، لەچك، سەرپۆش، فێست، سەروپێچ(٢)، سوخمەی قوڵدار، سوخمەی بێ قۆڵ، پشتێن، ئاوەڵ کراس، گۆرەوی، چەکمەی زەرد (بۆ پیرەژن)، چارشێوە، تارای بووکێنی، بەنەخوێن.

---

(١) کەوا، ناودار و بێناوی هەیە، ناودار لۆکەی تێ دەخرێ.

(٢) سەروپێچ، ئەمانەی بۆ بەکار هاتووە (سرکەیی، مشکی، چەفتە، عەلیخانی، شەدە، پووشینی جافی، پووشینی شەکە).



کڵاویەرەق



پانی بەرز



کەوش



فەرمانە



کڵاش



سەڵتە



سوخمە

ژنان (ڕازاندنەوە):



**خشڵ:** ئەم خشڵانە بەپێی توانا، هەر کەسە یا لە زیو یان لە زێڕ دروستی کردووە بەڵام بەشی زۆرترینی ئەوانەی کەئێستە لەزێر دەکرێن جاران لە زیو کراون، کە ئەمانەن:



کرمەك



پەروانە



لاگیرە



دوگمەودۆڵاب



لووتەوانە: غەزێم



بازی بەنگ : پیاوانە هەیە و ژنانەیش هەیە

ژێر چەنە



ئەڵقەوقولاپ





لوولە و زنجیر



بازن



کۆی دەست



پشتەسەر

سەرپەرچەم





گوڵ



گوارە



حێل و مێخەك



عەشقبەند



گۆبەرۆک



کورتە پۆیلە



گەردانە



تاس کلاو



گێل گێلەو دەژەن



هەیاسە



کەمەرە



قاپ قورئان



کڵاوزەر



دەرزیلە

هەروەها: پاوانە، تەزبیح، چەناخ، چۆچە، ئەموستیلە.

تێبینی:

(١) فەرمانە، لە خۆشناوەتی بەکاردەهێنرێ.

(٢) کڵاویەرەق، لە سنە دروست دەکرا، وە بە سوورمە دەورەکەی دەچنرا.

**مت و موورو**: شەوە. شیلان. بەرموو. بەردی خاڵ خاڵاوی. مووررووی کارەبا. زەردوویی. کووژەکە. زەنگیانە و پوولەکە (بۆ ژێر چەنە، بەرچاوگە، پشتێنی ڕازاندنەوەی کراس، فەقیانە، دەسماڵ، کراس، پاوانە بەکاردەهێنرێ) یاقووت، پیرۆزە، نقێم، زەنگیانەی وەرد (لە هەورامان بۆ کڵاوزەڕ

بەکاردەهێنرێ)، بازن.

تێبینی: ئەم مووروانە زۆری لە دەرەوە هێنراون، بەڵام چۆنیەتیی بەکارهێنان و ڕازاندنەوەیان فۆلکلۆری ڕێکوپێکی و ئارایشت و ڕازاندنەوەیە لە کوردستاندا.

**ئارایشت:**

خەنە. وسمە. سووراو. سپیاو. دیمە شۆرە. ئەسپون. سابوونی سەرکەف. لفکە کوولەکە (شامی).

گڵەسەر . کل و کلتوور. گوڵاو. خاڵ کوتان (لەسەر پێستی دەست یان دەم و چاو). پرچ هۆنینەوە. دەمووکانە. ملوانکەی بۆن و بەرامەدار (حەت حەتۆکە. سمڵ. مێخەك. گوڵەباخ. دەنکەشیلان) شتنی سەر بە هێلکە. ئەمەش وێنەی هەندێ لەو شتانەن کە لە ئارایشتدا بەکاردەهێنرێن:


مێخەك بەنگ


حەت حەتۆکە


کل و کلتوور

**پیاوانە لەبەرکردن:**



کــەوا، سەڵــتــە، ڕانك و چــۆغــە، سەروپێچ (مشکی، چەفتە، جامانە، چیتی گوڵدار) کڵاو، پشتێن، شەرواڵ و مرادخـانـی، کراسی فـەقـێیـانـەدار، لابچین، فـەقـێیـانـە، سوخـمـە، پێتـاو، کــڵاش، گــۆرەوی، جــاش کــەوش، کلـێتـە، دەرپـێ، کـەڕەك (فـەرەنجی)، کاڵـەی شەمـامـەیـن «دەڕازێنرێتـەوە بە گوڵنکە و چنین» شاڵ و شەپك «ڕانك و چۆغەی بارزان»، پەستەك، فەرەنجی.



جاش کەوش



چەکمە



کوڵەباڵ

**کاڵە و پێتاو:** (پێستی سەری گا کون دەکرێ و دەکرێتە قاچ و بە بەنی مووین دەبەسترێ).



**کەمانە:** «پارچەیەك تەختە لەگەڵ چەرم دەبەسترێ بە ژێری پێوە، بەکاردەهێنرێ بۆ ناو بەفر بۆ نەچەقین).



کڵاوقوچ

**تەکیەن:** (جۆرە پشتێنێکە لە سنە دروست دەکرێ).



پشتێنی میرزایی



مێزەری هەجیجی

بەنەخوێن، عەبایی شاڵ، بەرگە سەعات، جگەرەدان. کورتەك

**کچانە** (لەبەرکردن):



بەروانکە



قۆچکە



کڵاوپوولەکە



قەڵاقۆچکە

پاوانە، بازن، پۆیلە. دەرپێ، سەڵتەی سورمە، لبادەی ناودار. کراس، کەوش.

تێبینی:

کچ بە تێکڕایی لە منداڵیدا وەکو کوڕ لەبەر دەکا کە گەورە بوو وەکو ژن وە زۆر جار کچ کەوای لەبەر نەدەکرد و دەسماڵی نەبوو وە بەزۆری چارۆکە بەکاردەهێنرا.

**کوڕانە (لەبەرکردن و لەسەرکردن و لەپێکردن):**

قۆچکە، بەروانکە، پاوانە، کەشکۆڵی زیو، پاپەجانە، سەڵتەی سورمە، لبادەی ناودار، کەوا، کڵاو، کراس، کڵاوقوچ، کەوش، کڵاش.



کڵاو

## ٦- فۆلكلۆری خۆراك

**چێشت و خواردن**: بەشێوەی تایبەتی لە سەوزە و گۆشت و کەرەسەی تر دروست دەکرێن: ترخێنە، دۆینە، کەشك، قوبوولی، پەردەپڵاو، قەرەخەرمان، گیپە، برویش، چەنسووتەکە، بریانی، کفتە، کەلەرم، سلق، گەلامێو، گەڵا لاولاو، کاهوو، تۆلکە. یاپراخ، گۆشتاو، شیر برنج، گەنمە کوتاو، کەشکەك، پەڵپینە، ماشێنە، نیسکێنە، فرۆجاو، هەرشتە، پەرشت، دۆکولیو، گەنم و ماش، قەڵەزەنگی، مزرۆکە، قوبوولی بەربەنار، قووبوولی بەتەماتە، پڵاو، سەمەنی، بریانبەی، شلەقاورمە، بامێ تەماتە، باینجان، پەتاتە، فاسۆلیا، کوولەکە، پلەدرۆ (قوبوولییە لە جیاتی ئاو دۆی تێ دەکرێت) چەوەندەر بەترشی، شۆربا لەپەی ساوەر. لەپەی برنج، قوبوولی بە مریشك، پیرخەنیلە، یەغنی کنگر، قەیسی، هەڵووژە هەرمێ، ترۆزی، سێو، هێلکەورۆن، خورماورۆن، کوکو (هێلکە و رۆنی ئاردلاوییە)، چلاو، تاسکەبابی، کنگر بەماسی. پاقلە. پرپۆڵە، سیرماست، شفتە، گۆشتی برژاو، سوورەوەکراو، جگەری برژاوو (لەسەر ساج، بەشیش) جگەری سوورەوەکراو، کەبابی باڵندە، قاورمە، کەباب.

کنگری (کوڵاو، سوورەوەکراو، لەگەڵ هێلکە) گێلاخەی کوڵاو، سوورەوەکراو، رسقەی کوڵاو، سوورەوەکراو، قارچك (کوڵاو، برژاو، خۆرشت، شلە، سوورەوەکراو) ترشۆکەی کوڵاو، سەیدارانی کوڵاو، خۆرشتی رێواس. پیچك (دەکرێتە ناو کەلانە)، کنیوال (دەکرێتە ناو کەلانە)، پسڵ (دەکرێتە ناو دۆکولیوەوە)، چاو بازەڵەی کوڵاو، مەژگیلەی کوڵاو، سوورەوەکراو، کاوەسپوك، کوڵاو، سوورەوەکراو (وەکو پیشۆکە سەلکی هەیە)، پەربەسێل، هاز (کاردوو)ی کوڵاو، قورواو (گۆشت و ماست بەیەکەوە لێ دەنرێ و دەبێ بە گۆشتاو)، گەزەنەی کوڵاو، سوورەوەکراو، شێلمی کوڵاو و چەوەندەری

کولاو، پۆڵەکەی کولاو.

**ئاژەڵین**: کەرە، ماست، قەیماخ، شیرێژ، دۆ فرۆ، دەڵەمە، پەنیر، دۆ وشکە، تۆراخ، کەشك، هەنگوین و ڕۆن، هەنگوین و کەرە.

**شیرینی و دۆشاوی**: خۆشاو (لە هەرمێ لە هەڵوژە لە بەهێ). شەربەتی مێوژ، شەربەتی گەزۆ، دۆشاوی تەماتە، شەربەتی گێلاس، شەربەتی شەکر، شەربەتی هەنار، شەربەتی ڕێواس، دۆشاوی هەڵوژە، (ڕەبەنار) هەڵوای گوڵەزەرد، قەیماخی زستان، باسووق، سجووق، وشکە (هەنجیری پەروەردە، پەپکە هەنجیر، قەیسی، هەڵووژە، هەرمێ، مێوژی خولاو، مێوژە سوورکە و مێووژە ڕەشکە) کشمیش. توو.

**هەویرین**: نان (تیری. هەورامی، سەرساج، کولێرە پەنجەکێشی، خەپلەئاشی، کولێرە بەڕۆن، لەواشە، پەپکەی مناڵ، کولێرە ساوەر، (ساج) خەپلەی زەڕات. خەپلەی جۆ، خەپلەی هەرزن. خەپلەی گاڵ، خەپلەی بەڕوو.

نینور (سەری گیایەك وشك دەکرێتەوە و دەهاڕێ و دەکرێ بە خەپلە) کولیچە پشی، ناسکەکان، ناوەشکێنە، لالەنگی، ناوساجی مارمارۆکە، گاڵ گاڵی، پاقلاوە، کەلانە، شلکێنە: وەزوا (جۆرە نانێکە هەویرە کە لەگەڵ گوێزی کوتراوا تێکەڵ دەکرێت).

## ٧- فۆلكلۆری ئامێری دروستكەر و بەرهەم دەرهێنەر

دوو جۆرە:

**یەكەم سادە**: ئەو كەرەسانەن كە لە پیشەكاندا بەكارهێنراون وە بەرهەمەكانیان بچووكە وە بە زۆری لە پارچەیەك پێك هاتووە وەكو: مەقاش، بێڵ، چەكوش، ڕەندە، پاچ، داس.

**دووەم گرنگ**: ئەو نیمچە دەزگایانەن كە بەرهەمەكانیان گەورە و زۆر وەكو دەزگای چنین (جۆڵایی، دووخ، خەڕەك، تەون) كەوانی هەلاجی، چیكەنە، دەستاڕ، ئاشی ئاو، دنگ، دۆڵ، مێكوتی ساوەركوتان، ساوەركوتی هەولێر، كەتو.

**دەزگای جۆڵایی**:

دووخ، خەڕەك، تەون، كەوانی هەلاجی، چیكەنە، دەستاڕ، ئاشی ئاو، دنگ، دۆڵ، مێكوتی ساوەركوتان، مەشكەومەڵان، پەرمە و گاسن.

## ٨- فۆلکلۆری نەریتی کۆمەڵایەتی

ئەم بەشە خوو و ڕەوشت و نەریتێکی کوردەواری دەگرێتەوە کە بە زۆری لەسەر بنچینەی هەرەوەزی کۆمەڵایەتی دامەزراوە وەکو ئەمانە.

**١- لە ژن هێناندا.**

هەڵبژاردنی ئافرەت: ئافرەتێك کە کەسێکی کوڕەکە بێ دەچێ کچێك دەدۆزێتەوە وە نیشانەی دەکا بۆ داواکردن ئەمە بە زۆری لە شارەکاندا.

**خوازبێنی و شیرینی خواردنەوە:**

کۆمەڵێ ئافرەتی سەر بە زاوا دەچن بە نهێنی هەموو مەرجێکی خوازبێنی دەبڕێنێتەوە دوای ئەوە بە ئاشکرا کۆمەڵێ پیاوی سەر بە زاوا دەچێ بۆ داواکردن و دەست ماچکردن دوای ئەوە شیرینی دەخورێتەوە.

**چۆنیەتیی گوێزانەوە:**

**جلبڕین:** بازرگانێك بە کۆمەڵێ کوتاڵەوە دەنێردرێتە ماڵی بووك وە بە ئارەزووی خۆیان بەرگی بووك هەڵدەگرن. وە دەدرێتە دەست ئەو بەرگ درووەی کە لەوێدا ئامادە دەبێ بەڵام لە لادێ ماڵی بووك و زاوا دێن بۆ جل هەڵگرتن.

**خەنەبەنان:** ماڵی بووك هەموو دەستە خوشکانی بووك بانگ دەکەن وە لەگەڵ ئافرەتە نوێنەرەکانی ماڵی زاوا بە گۆرانییەوە دەست و پێی بووکەکەیان لە خەنە دەگرن.

**حەمام:** کۆمەڵێك ئافرەتی سەر بە زاوا و بووك بووکەکە دەبەن بۆ حەمام بە گۆرانی و چەپڵەڕێزانەوە وە چاوەڕێی دەکەن هەتا دەشۆرێت وە بەهەمان شێوە دەیبەنەوە بۆ ماڵی بووك.

**گواستنەوە:** پیاو و ئافرەتی سەر بە زاوا و بووك، بووك بە چەپڵە ڕێزان و گۆرانی وتنەوە وردە وردە دەبەن بۆ ماڵی زاوا وە باوە کە ئاوێنەیەك و سینییەك کە مۆمی لەسەر بێ لە پێش بووکەکەوە هەڵدەگیرێ.

زۆر جاریش ئەگەر ماڵی زاوا دووربێ بووك سواری ئەسپ دەکرێ و پیاوان و ئافرەتانیش بە سواری و بەپێ دەڕۆن لە گەڵیدا. بە تەڕاتێن و ڕمبازی بووکیان دەبەن لە دوای نانخواردن لە هەردوو ماڵ.

**گەیشتنی بووك:** کە بووك دەگاتە ماڵی زاوا، زاوا بە قامیشێکی ڕەنگا و ڕەنگ و گوڵینەوە لەسەر بان لەسەر دەرگای چوونە ژوورەوە و لەگەڵ برازاوا چاوەڕێ دەکەن تا بووك دەگات وە بەو قامیشە زاوا چەن جارێك دەی کێشێ بەسەری بووکدا گوایە بۆ ئەوەی سامی زاوا خۆی بنوێنێ بە سەریدا. وە لەو کاتەدا نوقوڵ بارانی بووك دەکرێ.

**زەماوەند:** پێش گواستنەوەی بووك چەند ڕۆژێك شایی و هەڵپەڕکێ دەکرێ لە شوێنێکی تەختدا سا لە ماڵ بێ یان شوێنێکی تر. وە ئەم شایییە بەردەوام دەبێ تا ئێوارەی ئەو ڕۆژەی بووکی تێدا دەهێنرێ. کە کوڕەکە دەبێ بە زاوا دێتە دەرێ چەند تەقەیەك دەکرێ بە دەمانچە یان تفەنگ بۆ نیشانەی ئاگادارکردن.

**باوەخۆنکردنەوە:** لە پاش چەند ڕۆژێك ڕابواردن بەسەرهێنانی بووکدا. ماڵی بووك زیافەت دەکەن بۆ ماڵی کەسوکاری زاوا. بووك و زاوایش ئامادە دەبن، ئامانجیش ئەمە ئەوەیە کە ئەو دوو خێزانە یەکتر بناسن. بەم جۆرە کەسوکاری دوو خێزان یەك لە دوای یەك ئەم زیافەتە دەکەن. وە لە زیافەتی یەکەمدا بووکێ بۆ چەند شەوێ لە ماڵی باوکی دەمێنێتەوە تا زاوا دەچێتەوە بە شوێنیدا.

**هێندێ شتی تر کە پێوەندیی بە ژن هێنانەوەیە:**

**شیربایی:** ئەو پەڵپانە کە ماڵی بووك دەیگرن لە ماڵی زاوا وەك پارە، ئەسپ،

تفەنگ، دەمانچە...... هتد.

**پاش تێلانە:** ئەو دیاریانەیە کە دەیهێنن بۆ بووك لە پاش سێ ڕۆژ تێپەڕین بەسەر هاتنیدا ئەمیش بریتییە لە زێڕ، زیو، مشکی... هتد.

**برازاوا:** زاوا پیاوێك هەڵدەبژێرێ لە دڵسۆزانی خۆی بۆ ئەوەی پشتێنی بووك ببەستێ لە پێش هێنانیدا بۆ ماڵی زاوا. وە سەرپەرشتیی زاوا دەکا.

**ڕێگە گرتن بەبووك:** کە بووك دەبرێ هێندێك جار چایچی کورسی دادەنێ وە ڕێگەیان لێ دەگرێ تا بەخشیشیان نەدەنێ ڕێگەکەی بەر نادا. هەروەها کەسانی تریش ئەم کردەوەیە دەکەن.

**ژن بە ژن:** لە زۆر شوێنیی کوردەواریدا باوە کچ بە کچ دەگۆڕنەوە ئەمەش نەریتێکی تایبەتی هەیە.

### ٢- هەڵپەڕکێ و جۆرەکانی:

هەڵپەڕکێ هونەرێکی جوانی کوردانەیە کە خۆشی پیشان دەدا. زۆر جار دەبێ بە ڕەشبەڵەك واتا ژن و پیاو پێکەوە دەستیان دەگرن و هەڵدەپەڕن. ئەم هەڵپەڕکێیانەیش لە هێندێك بۆنەدا بەکاردەهێنرێ. وەك ژن هێنان. ناوڕان، دروێنە. سەیران. خەتەنەسووران...... هتد.

جۆرەکانی هەڵپەڕکێ ئەمانەن: سێ پێیی، چەپی. شێخانی، دەنانی. سوێسکەیی. تووسکی. گوڵشینی. هەرێ گوڵێ. سەمای کۆچەری. سنجابی. بابلەکان. بیلانی. دیکۆ. سەنگین سەما. ڕەورەوە. شنگاری. گۆڤەند. سوولەتکی. سێ جار. ڕاستە فەتاح پاشایی. ڕۆینە. کەمەرەلەرزێن. لەنجەهەبلەیان. هەڵپەڕینی گەورە (لە سابلاخ). خانم مەڕۆ (لە کرماشان و سنە).

**سوورانە:** ئەو پارەیەیە گەورەی دێ لە ماڵی زاوای دەسێنێ لە ڕۆژی گواستنەوەی بووکدا.

**پیّ خەسوو:** ئەو ژنەسەرەیە کە لەگەڵ بووکدا دەڕوات بۆ ماڵی زاوا وە هەموو جۆرە ئامۆژگارییەکی دەکات دواییش ڕووسپیەتییەکەی دەباتەوە بۆ ماڵی بووك.

**پۆیلانە:** ئەو پارەیە کە دەخرێتە پیلاوی بووکەکەوە لە ماڵی خۆیان وە پیّ خەسوو لە ماڵی زاوا هەڵی دەگریّ بۆ خۆی.

**خەڵاتی بووك:** لە لایەن دایکەوە خەڵاتێك پێشکەیش بە بووك دەکریّ لە کاتی باوەخوونکردنەوەدا.

**٣- مناڵ بوون:**

**شەوارە:** دوای بوونی منداڵە کە ئاهەنگ دەگێڕدریّ و شەوچەرە دەخوریّ و یاری و پێکەنین درێژە دەکێشیّ شەو هەتا بەیانی ماوەی چەند شەوێك.

**ناوکەبڕانە:** ئەو دیارییانەن کە دەهێنرێن بە بۆنەی پیرۆزباییەوە.

**پۆیلانە:** ئەو دیارییانەن کە خزمی مناڵەکە دەیهێنن.

**حەوتە حەمام:** پاش حەوت ڕۆژ زەیستانەکە دەبرێتە حەمام و دەشۆریّ وە کە دێنەوە لەگەڵ هاورێکانیدا لە ماڵی زەیستانەکە نان دەخۆن.

وەبۆ ئەمەیش خەڵك بانگ دەکریّ بۆ خۆشتن.

**ناونان:** پاش حەوت ڕۆژ مەلایەك و چەند هاورێیەك لە لایەن باوکی منداڵەکەوە بانگ دەکریّ وە ناوی منداڵەکەیان دەنێن.

**چلە شۆر:** لە پاش تێپەربوونی چل ڕۆژ بەسەر بوونی منداڵەکەدا دایك دیسان دەچێتەوە حەمام.

**٤ - مردوو مردن:**

بەشێوەیەکی تایبەتی مردوو دەبریّ بۆ گۆڕستان وە لە هێندیّ شوێندا ئێستە بە دەهۆڵ و زورنا دەبریّ وە ئاوازی چەمەریی بۆ لیّ دەدریّ.

**پرسە:** ئەو ماوەیە کە پاش مردوو پیاوان و ژنان دادەنیشن وە خەڵك دێن بۆ سەرخۆشیکردنیان. وە لە هێندی شوێندا خواردن لە ماڵە پرسە دروست دەکرێ وە لە هێندێ شوێندا لە ماڵانەوە خواردن دەچێ بۆ ماڵە پرسە.

**کۆتەڵ:** پەیکەرێکە جل و کەلوپەلی لەبەرکردنی مردووەکەی دەکەن بەبەردا و شیوەنی بەسەرەوە دەکەن تا ماوەیەك. وە لە هێندێ شوێندا جلەکان ڕێك دەخرێ و دەدرێ بەسەر وڵاخێکدا بێ ئەوەی پەیکەری بۆ بکرێت.

**قوڕپێوان:** کەسوکاری مردوو قوڕ دەدەن بەسەریاندا یان شتی تر وەك خوم. کە خۆیانیان پێ شەهید دەکرد.

**پرسەشکانن:** دوای ماوەیەك کە بە زۆری ساڵێکە پرسە دەشکێنرێ. وە لە پرسەدا بە زۆری جلی ڕەش یان شین دەپۆشرێ لە لایەن کەسوکاری مردووەکەوە. وە ئەو ماوەیە لە ماڵ ئافرەتان ناچنە دەرەوە بۆ گەڕان یان بۆ سەیران. وە هەموو شێوەیەکی ماتەمینی لە ماڵدا وەردەگرن.

**نان دروستکردن بۆ کۆست کەوتووان:** ماوەی سێ ڕۆژ کەس و مردوو لە ماڵانەوە نانیان بۆ دێت.

**شیوەن:** ئافرەتێك بە ئاوازە هۆنراوە و لە شێوەی هۆنراوەدا بە سۆزەوە مردووەکە دەلاوێنێتەوە و پرسەکەران دەگرین و لە خۆیان دەدەن وە بۆی دەسێننەوە.

**گەرمەگۆڕ:** ئەو خواردنەیە کە لە لایەن کەسووکاری مردووەوە دەهێنرێت وە لە کاتی ناشتنی مردووەکە لەسەر گۆڕ دەخورێت.

**سێ ڕۆژگانە:** لە پاش تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ بەسەر ناشتنی مردووەکەدا خواردن دەبەخشرێتەوە لە لایەن خاوەن پرسەوە.

**حەوتم:** یەکێك کە حەوت منداڵی نابالغی مردبێت قۆچێکی بۆ سەر دەبڕێت بە هیوای ئەوە کە هەر حەوت دەرگای بەهەشتی بۆ بکرێتەوە.

**٥- كاسە دراوسێتی:**

ئـەوەیـە کـە دراوسێیـەك بـەشی دراوسێکـەی دەنـارد لـەو خواردەمـەنییـەی هـەیانبوو. وە ناردنیشی بەدەستیاوە.

**٦- نـان کردن:**

لەسەر تەنووره یان شوێنی نانکردن کۆڕی پێکەنین و گۆرانی دەبەستریٚ ئەمەیش نیمچە ئاهەنگێك بوو.

**٧- جل شتن:**

کـۆمـەڵـی ئـافرەت دەچنـە سەرچەم وە جلیـان دەشۆن ئـەمـەیش دەکریٚ بـە سەیرانێك وە ئاهەنگ و بەزم و هەڵپەرکێی تیا دەکریٚ تا ئێواریٚ دێنەوە وە پێی دەوتریٚ (کۆڵەکانی - چەماشۆر).

**٨- ساوەر کوڵاندن:**

ساوەر دەکـوڵـیٚ و دەبـرێتـە سەربـان بـۆ وشك بـوونـەوە نیـمچـە ئـاهـەنگێك دەگیریٚ. وە بەتایبەتی لە کوتانیدا.

**٩- برنج کوتان:**

ئەویش وەکو ساوەر کوڵاندن ئاهەنگی بۆ دەکریٚ.

**١٠- دەستاڕ:**

کۆمەڵیٚ ئافرەت تا ساوەرەکە دەهاڕن گۆرانی دەڵین و بەزم دەگرن.

**١١- سەمەنی لێنان:**

تا پیٚ دەگا بە دەوریا هەڵدەپەڕن.

١٢- وە بەم بۆ نانەیشەوە ئاهەنگ دەگێڕا - گیپە، کەشکەك، سواخدان، کڵ نانەوە. ناوڕان.

**١٣- خەرمان لۆغە:**

لە کاتی هەڵگرتنی دانەوێڵە هەژار دێت بۆ داواکردنی بەش. وە دەیوت: خەرمان بەرەکەت وەڵامیان دەدایەوە خێر و بەرەکەت وە بەشیان دەدا و دەڕۆیشت.

**١٤- شارۆ:**

لە پاش باخ بەرەڵابوون دەچن بۆ چنینەوەی میوە.

**١٥- گوڵەوەچنی:**

لە پاش دروێنەی گەنم و جۆ و چەڵتووك: ئەو گوڵانە دەچننەوە، کە بەجێ دەمێنێ ئەوەیش لەلایەن هەژارانەوە.

**١٦- هەرەوەزی کشتوکاڵ:**

لەم فرمانانەدا خواردن دەبرێ بە سەیران و هەڵپەڕکێ و ئاهەنگ تا ئێوارە لە فرمانەکە دەبنەوە ئەو فرمانانەیش ئەمانەن: جووت. جۆماڵ. دروێنە. پاچە کۆڵە. بژار. خەرمان کوتان. شەتل لێدان، کۆکردنەوەی میوەی ناو باخ.

**١٧- پیتاگ:**

یەکێك سینییەك یان کڵاوێك یان دەستەسرێك دەگێڕێ بەناو خەڵکدا لەو شوێنانەی کە چڕن لە خەڵك بۆ پارە کۆ کردنەوە بۆ لێقەوماو.

**١٨- ڕێز لە مرۆڤ گرتن:**

زۆر جۆری هەیە وەك: دەست بەسنگەوە گرتن وە نوشتانەوە لە هەورامان. وە دەست ماچکردن. وە وتنی (نۆشت بێی) دوای خواردنەوە وە (فەرمووو)ی پێش خواردن و خواردنەوە. هەڵسان لەبەر میوان. وە ڕێز گرتنی لە خۆ گەورەتر بە تەمەن سا لەقسەکردندا یان لە دانیشتندا لە گەڵیدا... هتد.

**١٩- جەژن و گەردن ئازادی:**

زۆری ناکۆکی لە جەژندا کۆتاییی دێت بە گەردن ئازادی کە دەست دەکەنە ملی یەکتر وە یەکێکیان دەڵێ «گەردنم ئازاد کە» ئەوی تر دەڵێ «گەردنت خۆش و ئازاد بێ».

**٢٠- ئاهەنگ و بەزم و یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز.**

لە جەژنی نەورۆزدا، خەڵکی خۆیان دەگۆڕن و ئاگر دەکەنەوە و دەچن بۆ سەیران بۆ دەشت، لەوێ هەڵدەپەڕن، گۆرانی دەڵێن، زەماوەند دەکەن، چونکە بە جەژنێکی نەتەوایەتیی کورد دادەنرێ.

**٢١- ئاموشۆکردن:**

هاوڕێیان یان خزمان هەر لە ماوەیەکدا جارێك دەچن بۆ ماڵی یەکتری بۆ هەواڵ پرسینی.

**٢٢- پارازتنی ژن و ژنخوازی لە ناو هێندێ خێزان و هۆزدا:**

باوە کە کچیان شوو نەکا بە خێزانێکی تر و کوڕیان لە خێزانێکی تر ژن نەهێنێ بەڵکو لە ناو خۆیاندا ژنخوازی دەکەن. وە ئەم هۆنراوەیشی لەسەرە: ئەگەر چاکە حەیفە بۆ خەڵك. ئەگەر خراپە عەیبە بۆ خەڵك.

**٢٣- نیشانەکردنی کوڕ و کچ لە منالییەوە بۆ یەکتری:**

کچ و کوڕێکی ساوا لە یەکتر مارە دەکرێن لەلایەن باوکی هەردووکیانەوە تا گەورە دەبن ئینجا کچە دەگوێزرێتەوە بۆ کوڕە.

**٢٤- خوێن خۆشکردن:**

دوولا کە خوێنێ لە بەینیاندایە بە پارە یا بە ژنخوازی لە یەکتر خۆش دەبن.

## ٩- فۆلکلۆری کاسە و کەلوپەلی خێزان دارین:

**دارین:**

ئەو شتانەی کە لەدار دروست دەکرێن وە بەخرت دادەتاشرین، وە هەندێکیان بە ئامێری تر دروست دەکرێن، کە ئەمانن:



کەوچکی ماستاو



کەوچکی چێشت



کاسەی دو



هەزارپیشە



بەفرماڵ



گەڵاکوتك



پلووسك



شەکردان



تیرۆك



تەشی



ئەسکوێ



لەنگەری



پنە



ناوپرێشك: دارێکی بچووکە لوتەکەی پانە نانی پێ هەڵدەپچڕێ لەسەر ساج.



مزراح



باگردێن



دنگ



دۆڵ و دەسکەدۆڵ



قەندە



شەن



ڕەورەوە



تەشی



کۆچەڵە



تەختەبەند ( کورسی).



بێشکە



مێکوتی ساوەرکوتان



چراوگ (مەشخەڵ لە دار)



هەزار پیشە (سندووقی جل)



بلوێری منداڵ

**هەروەها:** قەڵبێر، کەو، تەشت، سندووقی نوێن، سەبیل، پەیژە، شانە، کلیل و کلۆمی دەرگا، کورسی چرا، بانکوت، مێخی دیوار، نوێڵ (لە هەورەمان هەیە)، هێڵەك، بێژنگ.

**ئاسنین و تەنەکە و زەرد:**

ئەو کەلوپەلانەن کە لە ئاسن یان لەوح یان تەنەکە، یان زەرد دروست دەکرێن کە ئەمانەن:



شەکرشکێن



سەتڵ



مەقاش



کوورە



مەقەڵی



ئاگردانی تەنەکە



سەماوەر



مەسینە



کافرمان



سێپا



قیمەکێش



تەوزین



سووژن

**هەروەها:** ساج، ئەسێوڵك، چەقۆ، قەڵەمبڕ، شیشی گۆشت برژان، شیشی کەباب، زمەی تفەنگ، کێرد، درەوش، قوڵاپ، دوارت، مەسێ (خاکەنازی ئاگر دەردان)، برنگ (مەقەسی حەیوان بڕین).

**مس:**

ئەو کەلوپەلانەی دروست کراون.



لەگەن



یەغنکێش



مەنجەڵ (بە هەموو جۆرێکەوە)



کاسی پەردە پڵاو



سینی



گومگومە



تەشت



ئاوگردان (گڵگێڕ)



جامی مەردۆشین



جامی چلەشۆر (جامی چل کلیلە)

**هەروەها:** کەوگیر، دەوری، جامی بندار، مەسینە و لەگەن (دەستشۆر)، تاوە.

**گڵین:**

ئەو کەلوپەلەیە کە لە گڵ دروست دەکرێت، وە زۆریان بە شنە سووردەکرێنەوە، کە ئەمانەن:



دیزە



کووپە، کووپەڵە



سوێنە



گونج



گلێنە



گۆزە، گوزەڵە



لوولێنە (گومگومە)



تەنوور



ئاگردان (هی گەرمکردنەوە
هی چێشت لەسەرلێنان)



کوورە



کەندو



دووبەر

**هەروەها:** دەرخۆنە، نانگێن (جێگەی نان)، کیتەڵە، سەبیل، گوڵدان، سێکوچکە، هیزرە (عەمار).

**پووشین:**

ئەو شتانەن کە لە گەلێ جۆری پووش دەچنرێ و دروست دەکرێ. وەکو پووشی گەنم، لاسکی چەڵتووك، زەل..... هتد. کە ئەمانەن:

جگەرەدان، گسك، حەسیر، تەپکە (نانەشانی پووشین نانی لەسەر دەخورێ وەکو سینی)، سەبەتەی جل، قیرتەبەق.

**تووڵین:**

ئەو شتانەن کە لە تووڵی تەڕ دەچنرێن و دروست دەکرێن، وەکو تووڵی (بی) تووڵی مێو،... هتد. کە ئەمانەن:



پاڵێو (قووڵتره له نانەشان)



نانەشان (نانی تێ دەخرێ)



چەپەر



قووڵینه



شایەن (تاترازوو)



لەرتەله (زەمیله)



سەبەتەی پیاڵه



تاسەوی (قەرتاڵه ) سەبەتەی ترێ

**هەروەها:** کلووره (بەرچنە)، گۆچان (گاڵۆك)، تەڵە، فاقە، تەیمان، داو، سەبەتە، سەبەتەی نان هەڵگرتن، تووڵەبەند (قەفەس).

**نەیجەین:**

(ئەوەی لە قامیش دروست دەکرێت).



بلوێر



سەبەتە

**هەروەها تاسەوی:** (لاتایی)، شمشاڵ، چەپەر، چیخی ئەسمەرپێچ، قامیش بەن.

**قەرمین:**

(ئەوەی لە قەرام دروست دەکرێت):

پێنووس. چیخ.

**سەوزەوگیاین:**



**ئەستریشك:** (لە گیایەك کووپەی ڕۆن دروست دەکرێ لە دەوری ڕانیە).



**کوولەکەی ئاوی:** وشك دەکرێ و کونی تێ دەکرێ، وە دەکرێ بە دەفر بۆ تێکردنی گەلێ شتی وەك ئاو، خوێ..... هتد.

**خوری و موو و لۆکە:**

ئەو شتانەن کە لە خوری و موو لۆکە دروست دەکرێن لە پاش ڕستنیان وەکو ئەمانە:

پۆپەشمین، بەڕە، قالّیّ، مەوج، شالّ، گوریس، خورج، سەرکەی ولاّخ.

جەوالّ، لباد، بەرمالّ، جاجم، عەبا، خوێدان، لفکە.

جاو (هەلاّوە)، دەسترازە، توورەکەی دۆ وە شەربەتی مێوژ، لێفە، دۆشەك، جۆلانەی گوریس.



خەرار



هۆڕ



توورەکەی ئالیك



شالّێنە



قۆچەقانی

سەرین (لەپەڕ و لە پوشی ساوەریش دەکرێ).

توو: (توورەکەیەکە دەچنرێ وە شتی تێ دەکرێ).



**چەرمین:**

ئەو شتانەن لە پێستی ئاژەڵ دروست دەکرێن وەکو ئەمانە.



کونده



مەشکە



هیزە



سوژاندن

**کەوڵی نان:** (هەردوو دیوی سافە وە ئاردی لەسەر دادەنرێ لە کاتی نان کردندا).





جەوەنە



هەمانە

**بەردین:**

ئەو شتانەی کە لە بەرد دروست دەکرێن، وەکو:



دۆڵ و دەسکەدۆڵ



دەستاڕ



باگردێن

**هارەگلیر:** بەردێکی پانی لووسە گەنمی دەکەنەسەر ئەنجا بەردێکی خڕی لە شێوەی هێلکەدا بەسەردا دەگێڕن بەدەست بۆ هاڕینی گەنمەکە.





قواره



**بەردە ئەستێ:** (بەردێکە بەهۆی ئەستێوە ئاگری لێ دەبێتەوە وە پووشو دادەگیرسێنێ).

**بەردە یاپراخ:** بەردی پانە دەخرێتە سەر یاپراخ بۆ ئەوەی هەڵنەوەشێت.

**هێلەساوە:** بەردێکی لووسی خڕە کە گەلێ جۆر سواخی ناومالّی پێ لووس دەکرێت کە لووسترە لە مالّە ئەم جۆرە سواخانەش لە هەورامانادا باوە.

**بەردە پێ:** بەردێکی زبرە ئافرەتان ژێر پێی پێ دەشۆن.

هەروەها: پنە، هەسان، بەرداش.

## ١٠ - فۆلکلۆری تیمارکردن

هی مرۆڤ. هی ئاژەڵ

هی مرۆڤ: بە دوو جۆرە تیمار دەکرێ.

١- بە دەرمان ٢- بەبێ دەرمان.

١- بەدەرمان:

**٭ ئەم دەرمانەسادانە بەکاردەهێنرێن بۆ چارکرن:**

**بەیبوونە. گوڵە فەقێ:** جۆرە دەدرێن هەریەکەیان بۆ ژانەسك.

**عەرەقی نەعنا:** دەخورێتەوە بۆ ئینتەلا و ژانەسك.

**ئاو خواردنەوەی بەیانیان:** بە ناشتا بۆ یاریدەدانی ئازیمە.

**گوڵە باخی ئەسڵ:** بە کوڵاندن دەیدەن بە نەخۆش بۆ ڕەوانی (جۆش دەدرێ).

**بنێشتە تاڵ:** دەخورێ بۆ ڕەوانی.

**گەڵاتووتن:** بۆ ملەخڕە بەکاری دەهێنن (دەخرێتەسەری).

**گەڵاتوو:** دەکوترێ و دەیخەنە سەر شوێن پێوەدانی دووپشك.

**گەلای سیس عومەر:** دەکوترێ و دەنرێ لە شوێن پێوەدانی دووپشك.

**مۆرد:** بەکاری دەهێنن بۆ وەستانەوەی ڕەوانی.

**قەیتەران:** دەیکوڵێنن و ئاوەکەی دەخورێتەوە بۆ هێز پەیدابوون و لابردنی لەرزینی جومگە.

**توێکڵە بیی:** دەکوڵێنرێ و ئاوەکەی دەخۆن بۆ بەهێز بوون.

**گەڵای بیی:** بەتەڕکراوی دەیخەنە سەر قاچوقوڵی یەکێك کە تای توندی لێ هاتبێ بۆ فێنك کردنەوەی ئەو تایە.

**گەڵا چەق چەقە:** پاش کوڵاندنی ئاوەکەی دەدرێ لە زیپکە.

**گوڵە هێرۆ:** بە کوڵاندن بەکاردەهێنرێ بۆ کۆکە.

**قنگاوڵێ:** پاش کوڵاندنی و بەڕۆن سووری دەکەنەوە و دەیخۆن بۆ ڕەوانی و بەهێزکردنی گەدە و ریخۆڵەکان.

**شەلەمە:** (سەرواڵ بەکۆڵ): بە شاخە سەختەکانەوە هەیە، سەلکێکی گۆشتینی هەیە کە پریە لە شیلە، بە کاڵی دەیخۆن بۆ رەوانی و کرم فرێدان، یا وەکو کلۆیەك شەکر شیلەکەی هەڵدەمژن هەر کاتێك بیانەوێ کلۆشەکرەکە دەخۆن بۆ ئەم مەبەستە.

**چای فەریکە قەزوانی وشك:** بۆ وەستاندنەوەی ڕەوانی بەکاردەهێنرێ.

**ڕێواس:** ڕێواس بۆ کرمدانان و ڕەوانیش بەکاڵی دەیخۆن.

**ماڵە وێچە:** بە کوڵاوی دەخورێ بۆ ڕەوانی.

**شاتوو و دۆشاوی شاتوو:** بۆ خروزەك و دەنگ نووسان.

**گەڵا هەنجیر:** بۆ کەچەڵی باشە، ئەویش سەری کەچەڵی پێ دەشۆن.

**گەڵا توو:** دەخرێتە سەربرین بۆ دەربوون.

**گەڵا گوێز:** دەخرێتە سەربرین بۆ دەربوون.

**پیازی پیشاو:** بۆ دەربوونی برین کە بخرێتە سەری وە بۆ هەلامەت دەیخۆن.

**پیازی نەپیشاو:** بۆن دەکرێ و دەیخۆن بۆ هەلامەت.

**توتنی ورد:** لەسەر دەست هەڵدەمژرێ بۆ هەلامەت.

**بە هێی پیشاو:** دەیخۆن بۆ کۆکە و قورگ نووسان.

**هەناری شیرینی پیشاو:** گەرمی دەکەن و دەیخەنە سەر گازی مار و جێی پێوەدانی دووپشك.

**پێزی هەویر:** دەخرێتە سەر شوێنێ کە دەرزی و دڕکی تیدابێت لە لەشی

مرۆڤدا بۆ دەرهێنانی (بەتایبەتی دەست و پێ).

**بۆسۆ:** دەدرێ لە لووتی بێهۆش بۆ هێنانەوەی سەرهۆش.

**شەکراو:** بۆ سوتاندن بەکاری دەهێنن.

**مەرەکەب:** بۆ سوتاندن بەکاری دەهێنن.

**ماست:** بۆ سوتاندن بەکاری دەهێنن.

**گەڵای گەرچەك:** دەنرێ لە ئاڵووی کەوتوو.

**ریحانە کێویلە:** بە کوڵاوی دەیخۆن بۆ کۆکە و ئازاری سنگ.

**جاترە کێوێلە:** بە کوڵاوی بەکاری دەهێنن بە خواردن بۆ سەرما و ژانەسك.

**ڕۆنی کونجی:** شوێنی سووتاوی پێ چەور دەکرێ، وە پێش شێلان پشتی پێ چەور دەکرێ.

**برۆیش:** دەخرێتە سەر برینێك کە ئاوسابێ بۆ نیشتنەوەی ئاوسانەکەی.

**ڕۆنی دڕکەزی:** دەیسوتێنن ڕۆنەکەی دەدرێ لە بیرۆ.

**ڕۆنی داری گوڵەباخ:** دەیسوتێنن ڕۆنەکەی دەدرێ لە بیرۆ.

**دۆینە:** دەیگرنە سەری نەخۆشی گرانەتێدار.

**ترخێنە:** دەنرێتە سەری مووسڵانی مناڵی باژیڵەدار. وە دەخورێ بۆ کۆکە و هەڵامەت.

**ڕۆن بادام:** بۆ سورێژە و ئاوڵە دەرکردو بەکاردەهێنرێ، وە دەخورێ بۆ ڕەوانی.

**ئاوی کەرەوز:** دەخورێ بۆ میز بەردان.

**پێستی ئاژاڵی وردە:** بە خوێنەکەوە دەنرێ لە شوێنی گازی مار دوای هەڵمژینی بە کەڵەشاخ.

**ڕۆنی ژیشك:** بۆ ترەکینی دەست بەکاردەهێنرێ.

**شەربەتی مێوژ:** بۆ خوێن زۆر کردن و قەڵەوبوون.

**دۆشاوی ڕەگی هەنجیر:** پێستی پێ چەور دەکرێ بۆ بای سەودا.

**دووکەڵی جگەرە:** قانگی گوێی ئێشاوی پێ دەدرێت.

**هەنگوین:** بۆ گرفت دەیخۆن، هەروەها بۆ بەهێزکردنی گەدە و ریخۆڵە.

**ریخۆڵەی ژیشك:** بۆ باژیلەی منداڵ.

**تۆوی پەڵپینە:** بۆ میز بەردان.

**گۆشتی ڕێوی:** بۆ باداری، لەبەر ئەوە دەیخۆن.

**فڕوجاو:** بۆ بەهێز بوون و حەسانەوە.

**بەزەتاو:** دەنرێتە سەربرین و ترکەینی پێست.

**تۆوکەتان:** دەنرێتە سەر خەیارە بۆ گەیاندنی.

**هێزە:** بۆ کۆڵنج و ڕەقینە.

**پێستی بەرخ، یاب زن:** بۆ دەرهێنانی گوللە لە گۆشتا بۆ گرتنەوەی شکاوی و لەجێچوون.

**شەکر:** ورد دەیهاڕنەوە و دەیکەنە سەر برین بۆ دەمکردنەوەی.

**دووکەڵی شەکری سووتاو:** بۆن دەکرێ بۆ هەڵامەت.

**هەڵمی سرکە:** بۆن دەکرێ بۆ سەرئێشە.

**ئاوی کولاوی ساردەوەبووی بەرسایەقە:** بۆ نەخۆش کە ئاوی پێ نەدرێ.

**ئاوی گەڵابی:** بۆ گڕی دەروون.

**بەرمێو:** دەخرێتە سەر دوومەڵ بۆ دەربوون.

**ئاوی سەروپێ:** دەخورێتەوە بۆ چاکبوونی ئێسکی شکاو.

**بەردووگ:** بۆ نیشاننەوەی ئاوساویی برین.

**دۆی گەرمکراو:** دەدرێ لە شوێنی پێوەدانی دووپشك و مار و مەگەز.

**دۆی دۆینە:** دەخورێت و دەگیرێتە سەری خۆربردوو بۆ چاکبوونەوەی.

**شیر:** دەیدەن بە مارانگاز کە بیخواتەوە.

**ڕۆنی قرچاو:** بۆ خوێن بەستنی ئەندامێك کە پەڕیبێت.

**گۆشتی قەلەباچکە:** دەیدەن بە سێبەڕۆدار بۆ چاکبوونەوەی.

**توێکڵە هەنار:** گەرم دەکرێ و دەنرێ لە تامێسك.

**بەلاڵووك:** بۆ ڕەوانی و ژانەسك.

**بەڵخی بەردی ناوئاو:** دەیدەن لە برینی دەم و چاوی منداڵ.

**گۆگرد:** بۆ نەخۆشیی پێست.

**زاخ:** شافی لێ دروست دەکرێ.

**گڵەسوور:** بۆ ئەوەی گڵاوی پێدەر بکەن و پاککردنەوەی گازی مەگەز.

**خۆڵەمێشی کوورەی ئاسنگەر:** بۆ کەچەڵی.

**ژەکی ژن:** بۆ بیرۆ.

**ناوکە کوولەکەی کاڵ:** بۆ کرمدانان.

**توێکڵە شووتی:** دەیدەن لە پێست بۆ لابردنی گەرمەژەنە.

*** ئەم دەرمانە تێکەڵاوەکان بە کاردەهێنرێن بۆ چارەکردن:**

**نانی تیری + گەڵامێوی وشك + سابوونی ڕەقی=** مەڵحەمێکە بۆ دوومەڵ.

**گەڵا گوێز + خەنە=** بۆ ژانەسەر.

**گوڵە وەنەوشە + شیری کچ=** دەخورێ بۆ ئەسپەك.

**ڕازیانە + شەکر =** بۆ دڵ ئێشە و ڕەوانی.

ئاردی گەنم + زەردێنەی هێلکە= دەبێ بە مووشەما بۆ سەربڕین.

**هەویر + ڕۆن**= نیو نمەکە دەیخەنە سەربرین و سەر ڕەقیتە.

**گیاوەردێنە + شیری کچ**= بۆ چاو ئێشە.

**خەنە + ئاوی شاتەرە**= بۆ قلێشانەوەی ژێر پێ و خارشت (حەرارەت).

**ڕازیانە + شیر** = دەخورێ بۆ دڵ ئێشە و قەڵەوبوونی منداڵ.

**گوڵە هەناری فارس + سمڵ + زاخ + توێکڵە نارنج + گڵە ئەرمەنی**= تۆزێکە بۆ پووك ئاوسان و دان ئێشە.

**کەفی ترش + خوێ + گڵەسوور**= بۆ هەڵپشکووتنی لێو.

**ترشە سماق + خوێ + ئاو**= بۆ ئاگرە.

**قاوە + ڕۆن**= بۆ دەنگ نووسان.

**پونگە + خوێ**= بۆ ژانەسکی منداڵ.

**سێهەڕە + ئاردەبرنج**= بۆ ژانە سکی  منداڵ.

**زاخ + ئاوی گەڵابی + خەنە** = دەگیرێ لە لەشی منداڵی گەرمابردوو.

**پونگە + ڕۆن** = بۆ کۆڵنج.

**ترشە سماق + گوڵاو**= دەیکەنە چاوی سووریژەدارەوە بۆ پاراستنی.

**کەفی ماشی ڕەش + سابوونی ڕەقی** = دەخرێتە سەر سێبەندەی منداڵێك کە میز بکات بە خۆیدا.

**هەنگوین + توور** = بۆ گرفت.

**هێلکە + ڕۆن + ترش** = بۆ وەستانەوەی سکچوون.

**تۆراخ + فەریکە قەزوان**= بۆ وەستاندنی سکچوون.

**گۆشت + زیرە** = دەکرێت بە شفتە و دەخرێتە سەرلاجان بۆ سەر ئێشە.

**گۆشتی گا + تاڵی شاری** = دەخرێتە سەر مووسڵدانی منداڵ بۆ باژیڵە.

**کووزەڵە + ئاڵەت + زەنجەفیل**= بۆ ئەوەی بەکاری دێنن کە مناڵی پێ

لەباربەرن.

(ئافرەتێك سكی پڕ بێ و بیەوێ سكەكەی فڕێ بدا)

**خۆیی هاڕاو + خەڵووزی هاڕاو=** بۆ پاككردنەوەی دەم و ددان.

**توێكڵی شووتی + ڕۆنی كزن=** بۆ كەچەڵی.

**ڕۆنی دووگ + كزنی سووتاو=** بۆ كەچەڵی.

**مێوژە ڕەشكە + سیر=** بۆ مایەسیری دەیخۆن.

* مورووبەكی یاقیق دەخرێتە ئاگرەوە لە لایەن یەكێ كە ومی بێت (ومدار ئەو كەسەیە كە لە باووباپیریەوە بۆی ماوەتەوە گوایە دەستی بە فەڕە) تا سوور دەبێتەوە دوایی دەنرێ بە سەروی ناوچەوانی مندالانەوە دەیسوتێنن دایكەكەی سێ ڕۆژ لەسەر یەك تفی خۆی لێ دەدا تا شوێنی سووتانەكە دەبێ بەبرین، ئەمەش بۆ چاركردنی منالّی خەركانەدارە. دوای ئەم هەنگاوە مەڵحەمێك دروست دەكرێ لە:

خەنە + قەترانی خەرنەكانە (وەكو دۆشاوی ڕەش وایە) + ڕۆنی بێگانە (ڕۆنی ماڵێكی تر) دەدرێ لە برینی خەرناكانەكە.

* جۆ + گەڵایی + مەرداسەنگ (وەكو گۆگردە بەڵام ئەم سوورە) + گۆگرد + زاخ + خەنە + ڕۆن + دووكەڵی لە دۆرنج + ترش + گەڵای دارەبەن = ئەمانە هەموویان پێی دەوترێ (حەوت دەرمانە) بۆ كەچەڵی بە كاریان دێنن، گەڵای دارەبەن دەكوڵێنرێ تا دۆشاوێكی خەستی لێ دەر دەچێ وە دەیدەن لە سەری كەچەڵ.

* گەڵا گایمە: گەڵایەكی گەورەیە دەكرێ بە مووشەما دەدرێ لە پشت بۆ باداری.

* بابنی پێچ: بەری گیایە لەگەڵ حەوت دەنك ڕیقنەی چۆلەكە بۆ ژانە سكی مندالّ.

* قژی ئافرەت: دەهێنرێ بەناو دەمی منداڵا بۆ بۆقژە.

**٢- چارەکردن بەبێ دەرمان:**

بە دوو جۆر نەخۆشی چار دەکرێ:

أ- بە بڕوا کە لە فۆلکلۆری ئاینەوانیدا بە درێژی دەیخوێنتەوە.

ب- بەکردار کە ئەمانە:

* ناوك گرتنەوە: بەپەت. بە کووپەڵە. بەسەر مەوقولات. بە خۆڕاتەکاندن بە مەرجێ قاچی لە زەوی ببڕێت.
* دڵگرتنەوە: بەدەست خستنە سەرسك.
* کۆڵنج: بەشێلان.
* فریشك گرتنەوەی منداڵ: بۆ فریشك کەوتن.
* مەلاشوو هەڵدانەوەی منداڵ بۆ چاکبوونی خێلی.
* شکاوی و لە جێ چوون گرتنەوە و چاککردنەوە.
* شمشاڵ ژەندن بۆ یەکێ کە ئەسپەك گرانەتا لێی دابێ.
* دەست بە سکدا هێنان بۆ گرفت.
* تێرۆك بە پشتداهێنان: بۆ پشت وەرگەڕان.
* ئەڵقەڕێز: بە بەیانیان دەهێنرێ بە لالغاوەدا بۆ لغاوەبڕ.
* جنینی مەلاشوو لە تەپلی سەرا: بۆ خروزەك.
* ئاڵووگرتنەوە: پەنجە دەکرێ بە قورگدا بۆ تەقاندنی.
* ناوچەوان و ڕومەت جنین بە نەشتەر: بۆ ماشەرا (نەخۆشییەکە دەم و چاو گیف دەکا و سوور دەبێتەوە).
* زەروو: دەنرێت بە پێستەوە خوێنی پیس هەڵدەمژێ.

* کەڵەشاخ: بۆ خوێن گرتنی پشت و ناوشان و گەشتی مار.
* خوێن گرتنی ژێر زمان و بن گوێچکە.
* نەخۆش خستنە ئاوی ساردەوە وە داچڵەکاندنی، بۆ پەڕاندنی لەرزوتا.
* پووشینی ڕەش: بۆ فێ لێهاتوو دەدری بەسەریدا.
* کۆپان: منداڵێ کە دەردەکۆپانی بێت دەخرێتە ناو کۆپانێکەوە.
* ترس دەرکردنی منداڵ: سێ ئێوارە لەسەر یەك لەبەر دەرگای ماڵ دەکوژێندرایەوە بەسەر منداڵدا بۆ ئەوەی ترسی دەرچێت.
* پەڕ بەکارهێنان: دەکرێ بە قورگدا بۆ ڕشانەوە.
* گیا بەکارهێنان: دەکرێ بەلووتدا بۆ پرژاندنی و ڕوونبونەوەی چاو.
* بەردی گەرم: دەنرێ لە جێی پێوەدانی مەگەزی وەك زەردەواڵە.
* خشت گەرمکردن: مایەسیریدار لەسەری دادەنیشێ.
* تفەنگ تەقانن بەسەر ئافرەتی ژان گرتوودا: بۆ ئەوەی زوو منداڵەکەی ببێ.
* بەیانیان چوونە ناو ئاو ساردەوە پێش هەتاو کەوتن سێ ڕۆژ لەسەریەك: بۆ خۆر بردوو.

**تیمارکردنی ئاژەڵ:**

**توێکڵە هەنار + ماست:** بۆ برینی وڵاخی بەرزە.

**جەوی:** بۆ برینی ئاژەڵێك کە کەرمی تێدابێ.

**ناوکە قەیسیی تاڵ:** بۆ برینی ئاژەڵێك کە کرمی تیدابێت.

**گەڵای قۆخ:** دەکوترێ و ئاوەکەی دەکرێتە برینی ئاژەڵ.

**داخکردن:** بۆ وڵاخی ژان لێهاتوو.

**گوێ بریندارکردن:** بۆ وڵاخی ژان لێهاتوو.

**(نەوتی ڕەش، گوێنی کۆن، تووتن، گزگل)** بۆ برینی بەرزە ولاٚخ.

**دۆشاوی ڕەش:** بۆ مەقاوی بەرزە ولاٚخ.

**بڕوێش:** دەنرێ لە برین.

**قوڕی پیس:** بۆ گەڕی.

**تفەنگ تەقانن بەسەر ڕاندا:** بۆ پەڕینی دەردی تەبەق لەناو ڕانەکەدا.

**دۆی ترشی:** بۆ دۆکەی چاو.

**ڕیەنار. ترشی و خوێ:** بۆ نەخۆشیی مریشك.

**ڕیقنە:** دەنرێ لە ئێسکی شکاوی باڵندە.

**بنێشتە تاڵ:** بۆ شکاویی ئێسکی ئاژەڵ.

**دۆشاوی توێکڵەداری بناووچ:** بۆ برینی پشتی ولاٚخی بەرزە.

## ١١ - فۆلكلۆری باوەڕی كۆن

ئەو باوەڕانەن كە بەكارهێنراون وەكو ئەمانە:

* لەرزین: ئەو كەسەی كە ومی بیٚ پەتێك دەكاتە دەستی لەرزدار بۆ لە كۆڵ كەوتنی.

* پرسی بۆرەسوار بۆ سێبەرۆ: لە بۆرەسوار ئەپسریٚ چی باشە بۆ سێبەرۆ؟ لە وەلامدا هەرچی بە زماندا هات ئەو شتە دەدری بە نەخۆشەكە بۆ چاكبوونەوەی.

* پرسی یەكەم كەس كە لە جومعە دێتە دەرەوە بۆ سێبەرۆ: ئەویش وەكو وەلامی بۆرەسوارە.

* مووررووی هاڵ: مووررویەكە لە بەردی خاڵ خالاوی دروست كراوە دەبریٚ بۆ ژنی زەیستان دەیكاتە ملی بۆ ئەوەی كە خۆی و منداڵەكەی پارێزراوبن لە هاڵ و شەوە.

* موورو و كووژەكەی شین: دەكریٚ بەسەر منداڵ یان وڵاخ یان شتی بە نرخدا بۆ ئەوەی پارێزراوبن لە چاوی پیس.

* شاخی كەڵەكێوی وە كاشی شین وە ناڵیٚ وڵاخ: دەكریٚ بە دیواری پێش خانوودا بۆ پاراستنی لە چاوی پیس.

* حەوت ئاسنە: ئەڵقەیەكە لە حەوت مەعدەن دروست دەكریٚ وە دەكرێتە پێی ژنێكی نەزۆك بۆ ئەوەی منداڵی ببێت.

* تەنەكە و تەپڵ: لێدان و تەقەكردن بۆ مانگ و ڕۆژ بەربوون لە كاتی گیرانیاندا.

* قورقوشم تواندنەوە بە سەر منداڵدا: بۆ ئەوەی بزانریٚ منداڵێك لەچی ترساوە قورقوشم دەتوێنرایەوە وە دەكرایە ناو ئاوی سارد بەسەر سەری

منداڵەکەوە گوایە هەر شێوەیەك دەرچوو ئەوە منداڵە کە لەو شتە ترساوە.

* تەقەکردن: تەقەکردن بەسەر ئافرەتی ژانگرتووا بۆ زوو لێبوونەوە لە منداڵ بوون.
* تەرووبادان: بۆ نەهێشتنی بالووکە.
* کەڵەکەبەرد دروستکردن: کەڵەکە بەرد دروستکردن لەسەر ڕێگەدا و ڕووخاندنی لەلایەن ڕێبوارەوە بالووکە دەپەڕێنی.
* میزکردن بە پشیلەدا: میزکردن بە پشیلەدا دەبێتە هۆی تووشبوونی بالووکە.
* خورووی بنی پێ: خورووی بنی پێ نیشانەی سەفەرکردنە.
* خورووی لەپی دەستی ڕاست: نیشانەی پارە دەستگیربوونە.
* خورووی لەپی دەستی چەپ: نیشانەی پارە خەرجکردنە.
* ڕێوی بە پیرەوە هاتن: نیشانەی هاتییە.
* پشیلەی ماڵ کە دەم و چاوی بشوا نیشانەی هاتنە.
*کەروێشك بە پیرەوە هاتن نیشانەی نەهاتییە.
* خوێندنی بایەقوش لەسەر ماڵ نیشانەی کاولبوونی ماڵەکەیە.
* خوێندنی مریشك وەك کەڵەشێر نیشانەی سەرخواردنی خاوەنەکەیەتی.
* بارخستنی مریشك. گسکدانی منداڵ. شپڵەی ئاوی ڕژاو نیشانەی میوان هاتنە.
* پێڵاو سواربوون نیشانەی سەفەرکردنە بۆ ئەو لایەی کە لوتی ڕووی تێ کردووە.
* چاوی ڕاست فڕین نیشانەی خۆشییە. چاوی چەپ فڕین نیشانەی ناخۆشییە.

* دوارت دانەدەست یەکتر بەبێ دانانی دەبێتە هۆی ناکۆکی لە بەینی هەردووکیاندا.
* نینۆك کردن بە شەو باش نییە.
* ئاوڕشتن بە دوای کۆچکەردا هیوایەکە بۆ گەڕانەوەی.
* کەڵەشێر لە ناوەختدا بخوێنێ نیشانەی مردوو مردنە.
* دەنگی کڵپەی ئاگر نیشانەی غەیبەتکردنە لە لایەن خەڵکەوە.
* مێرووله ڕووبکاتە هەر ماڵێك بار بە خاوەنەکەی دەکات.
* شەڕی چۆلەکە نیشانەی وەرگرتنی خەبەری خۆشە.
* بەستنی زاوا: لە کاتی مارەکردندا پەت گرێ دەدرێ یان پەنجە دەتەقێنرێ یان چەقۆ دادەخرێ. یان تۆز فڕێ دەدرێ بە هیوای ئەوەی زاوا لە پیاوەتی بکەوێت... هتد.
* مێردەزمە (مۆتەکە): باوەڕ وایە کە یەکێك بە پشتدا بنوێ مۆتەکە دێتە سەری بیخنکێنێ وە ئەگەر دەست بەرێ بۆ بەنەخوێنەکەی ڕادەکات و ڕزگاری دەبێ.
* جنۆکە: باوەڕ وایە کە شتێکە دەتوانێ خۆی بخاتە شێوەی هەموو گیانلەبەرێك، لەسەر کانی و لە حەمام و شوێنی تردا هەیە.

## ١٢ - فۆلكلۆری خانەسازی

جۆرە خانووەكانی كوردەواری كە دروست كراون ئەمانەن.

أ- **خانووی وشكە كەڵەك:** بەردی گەورە و بچووك لەگەڵ ( باڵیشمە دیمەك: دارێكی لەوحە لە توو دەخرێتە ناو دیوارەوە لەگەڵ بەردەكان) هەڵدەچنرێ بە دوو نهۆم وە بە سێ نهۆم بەتایبەتی لە هەوراماندا وە تاقیشی لێ دروست دەكرێ.

ب- **خانووی قوڕ:** ئەمیش دوو جۆرە.

١- **خشتی كاڵ:** قوڕ دەگیرێتەوە وە بە قاڵب دەكرێ بە خشت و لە دوای وشكبوونەوەی دەكرێ بە خانوو، تا دوو نهۆمی لێ دروست كراوە.

٢- **قوڕ:** چین چین دیوار بە قوڕ هەڵدەسێنرێ خانووی یەك نهۆمیی لێ دروست دەكرێ.

ج- **كۆڵیت (كۆختە):** لە قامیش بەند وە یاداری چنراو ژوورێك دروست دەكرێ وە دەورەكەی قوڕپەست دەكرێ و دارەڕا دەكرێ بەسەر ئەو كۆڵەكانەدا كە لە بەینی تەیمانەكەدا چەقێنراون.

د- **خشتی سوور:** قوڕەسووردەكرێ بە خشت و سووردەكرێتەوە لە كوورەدا وە دوایی دەكرێ بە خانوو وە تاق و گوومەزی پێ دروست دەكرێ.

هـ- **كەپر:** چەند كۆڵەكەیەك دادەكوترێ وە ڕایەڵی دەكرێ و گەڵای بەڕوو یا شتی تری دەخرێتە سەر و، بە هاوینان لەسەری دەنوون و لە ژێری دادەنیشن.

و- **ڕەشماڵ (دەوار):** موو دەڕێسرێ و دەچنرێ و دەكرێ بەدەوار و هەڵدەدرێ بە هاوین و بە زستان ستاری تێدا دەكرێ.

**ئەندازە (هەندەسە)**

خانوو بەردەوام بووە:

هەیوانێك لە پێشەوە و ژوورێك لە دوایەوە کە پێی دەوترێ (پشتهەیوان)و دوو ژوور لەملا و لەولای کە پێی دەوترێ (کەڵەگی) وە هەر ژوورێك کە لەسەر ئەم ژوورانە بێت پێی دەوترێ (گەنجینە)، زۆر جار کلاورۆژنە کوورە (موغەیری) بۆ دروست کراوە.

**کەرەستەی خانوو**:

**زەڵ**: گیایەکی پتەو بۆ سەربانی خانوو وە لەسەریەوە گڵەبان دەکرێ.

**قامیش**: بۆ سەر دارەڕا وە بۆ تەیمان (قامیش بەند).

**گڵەسپێ**: بۆ سپیکردنەوەی ژوور (تەڕاو).

**گەچ**: بۆ گەچکاریکردنی ژوور (دیوی ناوەوەی خانوو).

**گڵەسوور**: بۆ سواخی تەختی ژوور.

**بەرد**: بۆ دیوار هەڵچنین وە بۆ کونبڕی سەردارەڕا وە گوێسەوانە.

**تەختە**: بۆ دارەڕا وە بۆ دەرگا و پەنجەرە.

**دەرگا**: لە دار دروست دەکرێ.

**چەپەر**: لە شووڵی ئەستوور و تەڕك دروست دەکرێ.

**پەنجەرە**: لە دار وە لە قامیش دروست دەکرێ.

**کۆڵەکە**: زۆر جار ژوورێکی گەورە دروست دەکرا وە داری وەها درێژ نەبوو بیگاتێ کۆڵەکەی دەدرایە ژێر.

**گونج**: بۆ گوێزانەوەی ئاو بۆ ماڵ.

**گویسەوانە**: گورگەی دار درێژ دەکرا بەسەر دیواری چوار لای خانووەکەدا بۆ پاراستنی دیوارەکان لە بەفر و باران.

**پڵووسك**: لە دار یا لە تەنەکە دروست دەکرێ بۆ ئاوەڕۆگەی ئاوی سەربانی خانوو.

**پەیژە:** لە دار دروست دەکرێ بۆ چوونە سەربان.

**پێپلیکانە:** لە بەرد یا لە تەختە دروست دەکرێ بۆ چوونە سەربان.

**بان گردێن:** لە دار یا لە بەرد دروست دەکرێ بۆ گێڕانی خانوو وە پاراستنی لە دڵۆپە.

**بەفرماڵ:** لە تەختە دروست دەکرێ بۆ بەفرماڵینی سەربان.

**بانکوت:** لە دار دروست دەکرێت بۆ کوتاندنەوەی گوێسەبانە.

## ١٣ - فۆلكلۆری ڕاووچەك

چەك: ئەو چەكانەی بەكارهاتوون ئەمانەن.

خەنجەر

تیروكەوان

قۆچەقانی

**كەلوپەلی ڕاو:**



فاقە

تەڵە بۆ مشك. بۆ ڕێوی و كەروێشك و دڕندەكان.





داو



كولەكەی بارووت

**ڕەتە:** دەرگایەكی بچووكە لە تەختە لەناو پەرژیندا دەنرێ لە كاتی بەفربارینداخاوەنەكەی دەیسڕێ كە باڵندە بەتایبەتی كەو هاتە سەری دەكەوێتە خوارەوە بۆ ناو چاڵێك كە لەوەپێش هەڵكەنراوە بە هۆی ئەوەوە باڵندەكە دەگیرێ.

**شەوارە:** بەشەو چەند کەسێك بە چرایەکەوە یان بە چراوگێکەوە دەچن بۆ شوێنی باڵندە وە بەهۆی چراکەوە بەشەوارەیان دەخەن و دەیانگرن بە هۆی دارێکی دوولەپەوە کە تۆڕێکی پێوەیە.



**تەپکە:** چاڵێکە تەختە یەك یا بەردێکی لەسەر دانراوە کە باڵندە دێت بۆ دان خواردن لە ژێریدا دەکەوێ بەسەریدا چونکە بەردەکە بەهۆی چیلکەدارێکەوە ڕاوەستێنراوە باڵندەکە چیلکەکە دەجووڵێنێ و بەردەکە دەکەوێت بەسەر چاڵەکەدا و دەمی چاڵەکە دادەپۆشێ. ئەمەیش جۆرێکە وەکو (ڕەتە) وایە.



**دێوجامە:** پارچە قوماشێکی سادەیە پارچە قوماشی تری لە هەموو ڕەنگێکی لە شێوەی پوولەکەدا پێوە دەنرێ وە بە دارێکی ڕاست و چەپە داکوتراوە پیشانی کەو دەدرێ و ڕاوکەر لە پشتیەوە دەیگرێ بەدەستییەوە تا دەگاتە کەوەکە و ڕاوی دەکا.



**جۆرە ڕاوەکان:**

**ڕاوە کەروێشك و ڕێوی:** بە تانجی دەکرێ.

**ڕاوە بەراز:** لە پێشدا بە هۆی سەگەوە دەکرا، ئێستا کە سەگەکە لەناو چڕەدا دەپەڕێنێ بە سواری بە تفەنگ دەنیشنە سەری و دەیکوژن.

**ڕاوە کەڵ:** لە شوێنی تایبەتی کەڵەکانەوە لە شاخ ڕاوکەر بە تفەنگەوە خۆی مات دەدا تا بە بەردەمیدا دێن تەقەیان لێ دەکات.

**ڕاوەکەو:** چەند جۆرێکی هەیە:

شەڕەبەق (بنە): ڕاوکەر لە بەیانی زوودا بە شاخەوە لە (بنەدا) خۆی دەشارێتەوە وە کەوەکەی کە نێرە بە دارەوە دەنێتەوە کە ڕۆژ بووەوە کەوەکەی دەخوێنێ وە کەوی تر بەدەنگییەوە دێن ئەمیش تەقەیان لێ دەکا و دەیانکوژێ بەتایبەتی لە بەهار و پایزدا.

**ڕاوە کەو:** ئەمیش وەك شەڕەبەقە بەڵام ئەو کەوەی ڕاوکەر دەیبا بۆ سەردارەکە، ماکەوە.

**ڕاوەسەرکانی:** ڕاوکەر حەشارێك لە نزیك کانییەکەوە دروست دەکا وە لە بەیانی دوا کە کەوەکان دێن بۆ ئاوخواردنەوە دەیانکوژێت.

**بوگار:** لە بەهاردا، کەو بەرێچکە بە شوێنێکی تایبەتیدا تێ دەپەڕن. ڕاو کەر لە حەشاردا دادەنیشێ و تەقەیان لێ دەکات وە دەچۆرە ڕاوە بۆ ماوەی دوو هەفتەیە لە دەمەدەمی نەورۆزدا.

**کۆیۆز (ڕەشەڕاو):** ڕاوکەر بە شوێن کەودا دەگەڕێ و کە دەیبینێ تەقەی لێ دەکات.

تێبینی: زۆر ڕاوی تریش دەکرێت وەکو ڕاوە پۆڕ، سمۆرە، سوێسکە، مراوی، ڕیشۆڵە، کۆتر، چێرگ، پڵنگ، ورچ... هتد ڕاوکەر بە شوێنیاندا دەگەڕێ و لە پارێزدا دەیانکوژێت.

## ١٤ - فۆلكلۆری پیشه و پیشەسازی

کوردیش هەروەکو هەموو نەتەوەیەکی تری ئەم سەر زەوینە بۆ پێویستی ژیانی خۆی گەلێك پیشەی هێناوەتە بەرهەم، وە ئەم پیشانەش کە لە کوردستاندا بووە ئەمانەن وە بەدرێژی لە دوانیان دەدوێین بۆ نموونە وە بەکورتی لەوانی تر، تا لە دەرفەتێکی ترا بە دوورودرێژی لە کتێبێکی تایبەتیدا لەسەر هەموو پیشەکان بنووسرێت.

**موتابچیەتی**(١):

کارگەیەکی تایبەتی هەبووە لە گەلێ شوێنی وڵاتانی کوردستاندا وەك سنە، سلێمانی، کەرکوك، کۆیە، هەمەدان، عەنکاوە، کرماشان، بە بەرهەمی ئەم کارگەیە بووە کە دوو جۆرە شاڵی ئەستووری دروست کردووە یەکێ سفت – یەکێ شاش، سفتەکە بەکارهێنراوە بۆ دەوری کۆپان و بۆ توورەکە ئالیك وە دەفریان لێ دروست کردووە بۆ داگرتنی تووتن بەتایبەتی. ئامێرەکانی دروستکردن ئەمانەیە:

١– **شانە**: موو شی دەکاتەوە.

٢– **مەندەف**: ئامێری شیکردنەوە و گرێ لابردنی مووە، ئەمیش یاریدەدەری ڕستنی چەرخە، چونکە موو کە دەکات بە کلۆیەك کە زۆر بە ئاسانی دەڕێسرێ.

٣– **چەرخی موو ڕستن**: ئەو ئامێرە کە موو دەڕێسرێ و دەیکات بەبەن.

٤– **خەڕەك**: ئامێرێکە بەن هەڵدەکاتە سەر لوولە بۆ پۆی شاڵەکە (خەڕەك ئیشێکی تری کردووە، لە شوێنی تردا بەکارهێنراوە بۆ ڕستنی لۆکە).

---

(١) لە پیشەی موتابچیەتیدا، کەڵێکی زۆر لە مامۆستایان ئیبراهیم سەرکیس، وە ئەمین موتابچی وەرگیراوە.

**چۆنیەتیی دروستکردنی:**

لە دوای شانەکردنی مووەکە دەبرێتە مەندەفخانەوە لە پاش شیکردنەوەی دەخرێتە ناو هەمانەیەکەوە وە لەبن دەستدا دەبەسترێت وە بە چەرخەکە دەڕێسرێت و ئینجا ڕایەڵەکە بە هۆی پێچاڵەکەوە دەکرێ بە خەروار.

**بەرهەمی چنین**: بەم چنینە لە کوردستاندا ئەم بەرهەمانە دەرهێنراون.

١- **پۆپەشمین:** لە خوری وە لە دەزوو بە شێوەی دامەیی و ڕاستە دروست کراوە تاکو لە هاویندا بەخۆدا بدرێت.

٢- **جاو:** لە دەزوو دروست کراوە وە بەکارهێنراوە بۆ هەموو جۆرە بەرگێك و پێویستییەکی ماڵی ئەمیش گەلێ ڕەنگی هەبووە سبی، سەوز، شین... هتد.

٣- **شاڵی کۆپان:** کۆن لە خوری دروست دەکرا، بەڵام ئێستە لە دەزوو دروست دەکرێ وە دەدرێ بە بەری کۆپاندا، چونکە نەرمە ئازاری پشتی وڵاخ نادات.

٤- **خاولی:** کۆن کە خاولی نەبوو پارچە قوماشێك لە لۆکە دروست دەکرا لە بریتی خاولی بەکار دەهێنرا.

٥- **جاجم:** لە خوری دروست کراوە بە نیگاری جوان جوان دەڕازێنرایەوە و دەدرا بە خۆدا وە دەدرا بەسەر نوێندا بۆ جوانی (لە ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە پێی دەڵێن: مەوج).

٦- **مەوج:** لە جاجم ئەستوورترە دەکرێ بە پشتی لێفە بۆ گەرمی، ئەمیش بە تەون دروست دەکرێ (لە ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە پێی دەڵێن جاجم وە بەبەوش و سێپا دروست دەکرێ.

٧- **شاڵی ڕانك و چۆغە:** بە جۆڵایی بە سەقفی دەچنرێ وە دەکرێ بە ڕانك و چۆغە، ئەمیش لە مەرەز و بەرگن و خوری بە تەنکی و سفتی دروست دەکرێ.

٨- **بەرماڵ:** لە خوری یا دەزوو بە نیگاری تایبەتییەوە دەچنرێ و نوێژی

لەسەر دەکریّ.

* **کلاش کەری**: پیشەیەکی تایبەتی کوردەوارییە وە لە ناوچەی هەوارامانداهەیە، ژێرەکەی لە پەڕۆی کوتراو دەکرێ وەسەرەکەی بە دەزوو دەچنرێ.

**چۆنیەتیی دروستکردنی و ئامێرەکانی:**

١- **کۆت**: ئەو دەزگا دارینەیە کە پەڕۆکانی لەسەر دەکوترێ ئەو پەڕۆیانە لە پێشدا پارچە پارچە دەکرێت بە شێوەی لاکێش وە لە پاش قەدکردنیان یەکەیەکە دەکوترێن.

٢- **مشتە**: ئەو پارچە ئاسنەیە کە بەدەست دەگیرێ وە سەرەکەی پانە پەڕۆکانی پێدەکوترێت

٣- **پێکەنە**: ئامێرێکی ئاسنینی درێژی لووت تیژە پەڕۆکانی پێ کون دەکرێت.

٤- **تیرە**: پەڕۆکان لە شانی یەکتر ڕیز دەکرێن وە کونکردنیان بە دەرزییەك سیرمەی تێ هەڵدەکێشرێ وە پەڕۆکان یەك پارچە دەوەستن ئەوسا بە سیرمەکان دەوترێت تیرە.

٥- **دواڵکێش**: لە ئێسقانێك یان لە دارێکی پتەو دروست کراوە سیرمەکەی پێوە دەپچڕێ بۆ ڕاکێشانی تیرەکان.

٦- **دواڵگیر**: درەوشێکی بچووکە بۆ لەنگەر گرتنی سیرمەکە بەکاردەهێنرێت تا دەرنەچێت.

٧- **کوڵە درەوش**: درەوشێکە کونی پەڕۆکان ڕاست دەکاتەوە وە دەیانخاتە ڕیزی یەکتری.

٨- **وجارە**: کوڵە درەوشێکی بچووکە تەختی بە کلاشەکەی پێ سفت دەکرێت تاکو پەڕۆکان بەرزو نزم نەبن لە یەکتر.

٩- **گازن**: ئامێرێکە دەوری بنە کلاشەکەی پێ دەبڕرێت.

١٠- **بەزدان:** دەفرێکی چەرمینە بەزی تیایە بۆ چەورکردنی سیرمەکە. دوای تەواوبوونی بنەکەی لووت پاژنەی لە سیرمە بۆ دروست دەکرێت و سەری تیرەکانی پێوە پێوەندی دەکرێ وە هەربنێك چوار تیرەی تیایە، لە دواییدا کەتیرە دەدرێت لە دەوری کلاشەکە بۆ لووسکردنی.

١١- **شیرازە:** بە دەوری بنەکەدا بە موو دروست دەکرێت بەهۆی کوڵە درەوشێك و دەرزییەکەوە.

١٢- **چنین:** لە دوای تەواوبوونی بنەکان لەسەر شیرازەکە دەست دەکرێت بە چنین سەرەکەی بە دەزوو بە هۆی ئامێرێکەوە. کە پێی دەوترێت (تەبەنێ) کە سووژنێکی تایبەتییە، بەو تاڵە دەزوانەش دەوترێت (بەرگ).

* **شیرگەری**: خەنجەر و چەقۆ و کێرد دروستکردنە.
* **مزگەری**: دەفری مسین دروستکردنە.
* **کڵ نانەوە**: دەفری لە قوڕ دروستکراوی، تیا سوور دەکرێتەوە.
* **ئاسنگەری**: بۆ دروستکردنی هەموو جۆرە کەلوپەلێکی ئاسنە.
* **دارتاشی**: بۆ دروستکردنی هەموو جۆرە کەلوپەلێکی دارە.
* خەڕاتی: بۆ دروستکردنی کاسە و کەوچکە.
* **میرازگەری (بیرازگەری)**: بۆ دروستکردنی بەردی ئاش و دەستاڕ و دۆڵ و باگردێن و دەسکە دۆڵە لە بەرد.



* **کشتوکاڵ کردن**: هەموو جۆرە کشتووکاڵێك وە درەخت ڕواندنە. وە ئامێرەکانی وەك: هەوجار (یەرەق)، گاسن، داس،.... دەگرێتەوە.



* **ئاژەڵداری**: بریتییە لە پەروەردەکردنی ئاژەڵ وە چۆنیەتیی بەکارهێنانیان وەك: مەڕ، بزن، گا، مانگا، هێستر، ئەسپ، گوێدرێژ، مریشك و جووجەڵە، هەنگ.... هتد بەخێوکردن.
* **کارگە گەچێتی**: بریتییە لە لباد و فەرەنجی، کوڵەباڵ، پەستەك، وە هەموو شتێك کە لە خوری و بەرگن و مەرەز دروست بکرێت.
* **هەلاجی**: لۆکە شیکردنەوەیە.
* **سەڕاجی**: بۆ دروستکردنی زین و کەلوپەلی ولاخی بەزرەیە.
* **کۆپان درویتی**: بۆ دروستکردنی کۆپانی هێستر و بارگیر و کەر.
* **چەخماخسازی**: چاککردنەوەی چەکە بە تایبەتی تفەنگ و دەمانچە.
* **لێفە درویتی**: دۆشەك و سەرین و لێفە دروست دەکات.
* **کارێزکەنی**: بیر هەڵدەکەنی و کارێز لێ دەدا.
* **خومخانەچێتی**: بەن جاو ڕەنگ دەکا.
* **تەونگەری**: فەرش و بەڕە و جاجم و مەوج و هەندێ کەلوپەلی تر دروست دەکات.
* **دەباخچێتی**: پێستە خۆشکردنە.
* **کەوش درویتی**: کەوش دروستکردنە.

* **پانی بەرز درویتی**: دروستکردنی پانی بەرزی ژنانەیە.
* **بەرگ درویتی**: دروستکردنی هەموو جۆرە بەرگێکە لە پیاوانە و ژنانە و کچانە و کوڕانە.
* **بەنایی**: خانوو دروستکردنە.

## ١٥ - فۆلکلۆری کەلوپەلی ئاژەڵ

ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بۆ ئاژەڵ بەکارهێنراون کە بە زۆری ئەمانەن:

١- **شوێن**: پەچە، گەلەخان، مۆڵگە، گەوڕ، تەویلە، کایەن، پشتیر، ینە، کوورەهەنگ، هێلانە کۆتر.

**ئاخوڕ:** جێگەی خواردنی ئالیکە.



**قەم:** دارێکی هەڵکۆڵراوە ئاژەڵ ئاوی تێدا دەخواتەوە.

٢- **کەل و پەل**:

**پێوەند:** لە ئاسن دروست کراوە بۆ کۆتکردنی وڵاخە.

**گوڵمێخ:** دادەکوترێ و ڕەشمەی وڵاخی پێوە دەبەسترێ.

**ڕەشمە:** وڵاخی پێ دەبەسترێتەوە.



**سەرکەلە:** دەکرێتە سەری وڵاخ.

**لغاو:** دەکرێتە دەمی وڵاخ بۆ لێخوڕینی.



**هەوسار:** وڵاخی پێ دەبەسرێتەوە.

**زەنگ:** دەکرێتە ملی وڵاخ، بۆ ڕازاندنەوە و ترسی تەنیاییی وڵاخ و کاروانی وە بۆ دوورخستنەوەی جانەوەر لە وڵاخ.

**کۆپان:** وە ئەم شتانەی هەیە: قایش پاڵو، ئاشورمە، باڵەبان، بەرۆك، تەنگە، قەیاسە، پاشڵ کۆپان کە دوو جۆرە لوڕی و قەجەری.



**زین:** بەرگێکە دەدرێ بەسەر ئەسپ و مایندا، هێندی جاریش بەسەر هێستردا دەدرێت، ئەویش لەم شتانە پێك هاتووە: قەڵتاخ، سەرزین، بەڕە، ئاوزەنگی، قوشقن، قایش ئاوزەنگی، تەنگە.



سەرزین



ئاوزەنگی



زین

**توورەکەی ئالیك:** تورەکەیەکە ئالیکی تێ دەکرێ و دەکرێ بەسەر وڵاخدا.

**جلەگا:** بەرگێکە دەدرێ بەسەر پشتی گادا.

**جلەتانجی:** بەرگێکە دەدرێ بەسەر پشتی تانجیدا.

**ڕنەك:** ئاسنێکە بۆ خوراندن و پاککردنەوەی لەشی وڵاخ بەکاردەهێنرێ.

**شاڵ:** لە خوری زبر و ئەستوور دروست کراوە بۆ پاککردنەوەی لەشی وڵاخ.

## بورجەکانی ساڵ

## ١٦ - ئەستێرەوانی و کەش و بارانبارین[١]

**١- بورجەکان کامانەن:**

أ- لە زستان (٣) بورج هەیە کە (هەمەلایەن)یشیان پێ دەوترێ. بەینی هەریەکە لەم بورجانە (٢١) ڕۆژە. هەر بورجێکیش ماوەکەی (٩) ڕۆژە، وە هەر بورجێك لەمانە دەکەوێتە یەکێك لە مانگەکانی زستانەوە. یەکەم بورجیان وا لە ئەوەڵ فارسی زستاندایە. بورجی دووەم وا لە ڕەشە فارسدا وە پێی دەڵێن (هەیمەلی خەزێنە لەك)، بورجی سێیەمیش وا لە فارسی دوای ڕەشە فارسدا، کە پێی دەڵێن (ئاخر فارسی زستان).

لە زستاندا، لەو هەمەلایەنەدا کە هەریەکە نۆ ڕۆژە، ترسی سەرما و بەفر هەیە. وە بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە هەموو ساڵێك لەو بورجانەدا ڕێژەن (شەست و ڕەهێڵە) وە باران دەبێت.

ب- بورجەکانی هاوینیش هەر وەك بورجەکانی زستان وەهان، بەڵام بۆ گەرما.

**٢- چۆن دەزانیت ساڵێك خۆش دەبێت یان نە؟**

بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە هەر ساڵێك، سەری ساڵ ڕێکەوتی دووشەمە یان چوار شەمە بکات، ئەو ساڵە فیتنە و خوێن ڕژان زۆر دەبێ. ئەگەر سەری ساڵ ڕێکەوتی هەینی (جومعە) بکات ئەو ساڵە (بازگە) بەفر زۆر دەبێت، وە ئەو ساڵە ساڵی پیاوی گەورەیە. هەر ساڵێك، سەری ساڵ ڕێکەوتی شەمە بکات ئەو ساڵە ستەمی زۆر دەبێ، گرانی دەبێ، ئاژەڵ (حەیوانات) قڕان

(١) ئەم باسە لە حەمەی سلێمان لە تیرەی وەڵەدبەگی کە ئێستە لە هەڵبجە دادەنیشێ وە لە مەلا قادری مەلاکەریم دانیشتووی گەڕەکی مەڵکەندی لە سلێمانی وەرگیراوە.

دەکات، هەر لەبەر ئەمەشە کە وتوویانە (شەمە بەکەم کەس)، کە ئەمە وا دەگەیەنێت هەر ساڵێك یەکەم ڕۆژەکەی شەمە بوو، ئەو ساڵە بەکەم کەس دەکەوێت وە بۆ کەم کەس باش دەبێت.

هەر ساڵێك یەکەم ڕۆژەکەی سێ شەمە بێت، ئەو ساڵە باش نییە وە مردنی زۆر تێدا دەبێت. سەری هەر ساڵێك ڕێکەوتی پێنج شەمە بکات، ئەو ساڵە ساڵێکی خۆش و گونجاو دەبێت، خەڵکی لە خۆشی و گەشیدا دەبن. هەر ساڵێکیش یەکەم ڕۆژەکەی ڕێکەوتی یەك شەمە بکات، ئەو ساڵە هەرزانی دەبێ، پیاوی تەنیابالْ (ئەو کەسەیە کە کەسی تر شك نابات لە ئەرکی ژیاندا یارمەتیی بدات) لەو ساڵەدا سەرکەوتوو دەبێت.

**٣- ساڵ**:

ساڵێك ٣٦٥ ڕۆژە، بە (٥) ڕۆژەکەی دەوترێ (تار)، ٣٦٠ ڕۆژەکەی تری دوازدە مانگەی ساڵ تەواو دەکات، هەر مانگێك (٣٠) ڕۆژە. پێنج ڕۆژەی تار لە (٢٢)ی مارتەوە دەست پێ دەکات. بەم ژمێرەیە سەری ساڵ لە پاش تەواوبوونی ڕۆژەکانی تارەوە دەست پێ دەکات. کە بەم پێیە ڕۆژی (٢٧ )ی مارت سەری ساڵ دەکات.

سەری ساڵ لە پاش (٥) ڕۆژەی تارەوە دەست پێ دەکات:

أ- ئەگەر یەکەم ڕۆژی تار بەفر و باران بوو لە فارسی ئەوەڵدا، ئەو ساڵە تا ماوەی (١٨ ) ڕۆژ سەخت دەبێت.

تار یەکەم ڕۆژی بەهارە، وا باوە وەکو دەڵێن ئەگەر یەکێك لە ڕۆژانی تاردا بە ڕۆژ نووست بە درێژاییی ساڵ لەشی قورس دەبێ و خەو دەیگرێ، زۆر لە خێڵەکان وا راسپێری دەکەن کە لەم (٥) ڕۆژەی تاردا خەڵکی نەنوێت.

ب- ئەگەر لەو پێنج ڕۆژەی تاردا باران باری ئەو ساڵە باران زۆر دەبێ. وە

لە ساڵێكدا كە دەست پێكردنەكەی بەم جۆرە بێت ئەو ساڵە كوللە زۆر دەبێت.

ج- هاتوو لەو پێنج ڕۆژەدا باران و بەفر نەبوو ئەو ساڵە وشك دەبێ. وە لە ئەنجامدا گرانی دەبێ.

وە لە ئەنجامی تاقیكردنەوەدا دەركەوتووە هەندێ ساڵ كە بەفر و باران كەم بێ ئەو ساڵە بۆ ئاژەڵی وردە (مەر و بزن) نەخۆشی زۆر دەبێ، بەڵام بۆ درشتە (گا و مانگا و وڵاخی بەرزە) باش دەبێت.

**٤- بورجی گەلاوێژ:**

كە پێی دەڵێن بورجی (باحوراء) چوار مانگ دوای تازە.

**٥- كاروانكوژە چییە و چۆن بووە؟**

لە كۆندا، كاتبێژ نەبوو، نیشانەكردنی كات بە هۆی ئەستێرەوە بووە، كاروان بە ئەستێرە ڕۆییون بەڕێوە. ئەستێرەی (بەری بەیان) یەكێك بووە لەو ئەستێرانەی كە كاروان بە هۆیەوە كەوتوونە تەڕێ، بەڵام ئەستێرەی (كاروانكوژە) سێ سەعات لە پێش ئەستێرەی (بەری بەیان)دا هەڵدێت.

چیرۆكی كاروان كوژە وەكو دەڵێن لە كاتی هاویندا كاروانێك دەكەوێتە ڕێ، كاروانی هاوین دەبێ بە فێنكیی ئێواران و شەو و بەیانیان بڕوا، كاروانەكە بار دەخەن بۆ حەسانەوە بەو نیازەی كە پێش خۆر هەڵهاتن بە فێنكی بكەونە ڕێ، یەكێك لە كاروانییەكان زوو خەبەری دەبێتەوە ئەستێرەیەكی گەش دەبینێ وا دەزانێ ئەستێرەی بەرەبەیانە. ئاوەڵەكانی بە ئاگا دەهێنێ و دەكەونە ڕێگە، ماوەیەكی باش دەڕۆن هەر خۆریان لێ نابێتەوە، دوایی جەردەیان لێ پەیدا دەبێت، كاروانەكە بەقڕ دەچێ، ئیتر لەو ساوە ئەو ئەستێرەیە ناو نراوە (كاروانكوژە).

وەكو دەشڵێن ڕوودانی ئەمە پێش یوسف پێغەمبەرە (سڵاوی خوای لێ

بێت) وە ئەم ڕووداوە لە کوردستانی ئێراندا ڕووی داوە.

٦- کۆ:

کۆمەڵە ئەستێرەیەکە بە مانگێك و حەوت ڕۆژ پێش ترازو هەڵدێت وە دوای ترازو بە (١٨) ڕۆژ گەلاوێژ هەڵدێت، وە (٢٠) ڕۆژ دوای هەڵهاتنی گەلاوێژ با بەشەو و بەڕۆژ فێنك و خۆش دەبێ.

هەندێکی تر هەیە باوەڕی وایە کە کۆ، ترازوو، گەلاوێژ، ئەمانە هەموویان، هەریەکە (١٥) ڕۆژیان بەینە کە لە بورج هەڵدەکەندرێن بەڵام بینینیان چەند ڕۆژێ دوا دەکەوێت.

هەندێ باوەڕ هەیە لەبارەی هەڵهاتنی ئەم ئەستێرانە:

أ- لەبارەی کۆ: کۆ لە کاتی هەڵهاتنیدا ئەگەر بدات لە چاوی ئێستر و بارگیر و کەر دەکاتە سەر چاوی، تەم دێت بە چاویدا، شیین دەبێ، تووشی شەوکوێریش دەبێت.

بۆ ئەوەی وڵاخ پارێزراوبێت، ئاردی جۆ دەگرنەوە پێش هەڵهاتنی کۆ دەیدەن لە ناوچەوانی ئیتر هەڵهاتنی کۆ کاری تێ ناکات.

ب- لەبارەی ترازوو: ترازوو کە لە بورج کەندرا کار دەکاتە سەر سەگ و تانجی وە تووشی گەڕییان دەکات، لەشی پەڵەپەڵە دەبێ تووك هەڵدەدا پێشی دەڵێن تووولەکی کردووە.

بۆ پاراستن ئەو حەوت ڕۆژە کە ترازوو لە بورج دەکەنرێ دەیکەنە ژوورەوە، نایەڵن چاوی بە دەرەوە بکەوێ.

ج- لەبارەی گەلاوێژ: لە کاتێکدا کە گەلاوێژ لە بورج دەکەنرێ، زیان دەگەیەنێ بە بارگیر تووشی بای (سەگ با) (شەلەل)ی دەکا ئەگەر لێی دا لەوانەیە کوت و پڕ بیخات وە زۆر جار دەبێت بەهۆی تۆپینی. بۆ پاراستن ئەو حەوت ڕۆژە جل لە وڵاخ دەکەن، وە بۆ ئەوەی گەلاوێژ لێی

نـەدا وە لـەبـەرئـەوەی کـە خـۆی لـەشی گـەرمـیـی (حـرارە) هـەیـە ئێواران شەوتا دەگرێ.

٧- ژمێرەی (حساب) لەیلاخ و گەرمیان چییە؟

وەکو دەرکەوتووە ژمێرەی لەیلاخ ٢٠ هەتا ٢٢ ڕۆژ پێش ژمێرەی فارسە، بەڵام ژمێرەی گەرمیان (١٥) ڕۆژ لە پێش ژمێرەی فارسەوەیە.

٨- چەند تاقیکردنەوەیەکی ناوچە شاخاوییەکان:

أ- ئەگەر لە زستاندا لە کاتی بەفر باریندا هەور بگرمێنێ دەڵێن ئەم گرمەیە بەفر دەڕوخێنێ، وە ئەو ساڵە بەفر زۆر دەبارێ.

ب- هەورامییەکان هۆنراوەیەکیان هەیە کە دەماودەم دەیگێڕنەوە و دەشڵێن ڕاستە:

جومعە کـــەرۆرە شەمە وەش کەرۆ

شەمە کـەرۆرە پێنج و شەش کەرۆ

لای ئێمەش دەڵێن:

جومعە ببارۆ، شەمە خۆش کەرۆ

شەمە ببارۆ پێنج و شەش کـەرۆ

جگە لەمە نەك هەر هەورامان بەڵکو هەموو کوردستان باوەڕی بەمە هەیە.

ج- ئێوارانی زستان ئەگەر چۆلەکە زۆر جریواندی بۆ بەیانی ناخۆش دەبێ، سارد دەبێ یا باران یا بەفر دەبارێت.

٩- ئەمانەش هەر وتراوە:

أ- بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە ئاژەڵی وردە شەوێك دوای ڕەشە فارس کە دەنوێ دەستی ڕادەکێشێت، بەڵام پێش ئەو ڕۆژە لە کاتی نووستندا لە

سەرماندا خۆی کۆ دەکاتەوە.

ب- ئەگەر لەسەرپەڵەدا هەور گرماندی ئەو ساڵە خۆش دەبێ.

ج- هاتوو لە زستاندا (پاساری و ڕیشۆڵە) خۆیان چەقاند بە ئاوەدا بەتاقیکردنەوە وا دەرکەوتووە ئەو ساڵە بەفر و باران زۆر دەبێ، وە ئەو ساڵە سەخت دەبێت.

د- لە زستاندا لە یەکی فارسدا لە مانگەکاندا ئەگەر باران و بەفر باری ئەو مانگە سەراسەر باران و ناخۆش دەبێ، وە ئەگەر لە دوای ڕۆژەکانی تار باران باری ئەو ساڵە تەڕ دەبێت، باران زۆر دەبارێ، پێی دەڵێن (ساڵی دوو بەهار).

هـ- لە زستاندا ئەگەر ئاسمان سایەقە بوو وە لە قیبلە بای شەماڵ هات، بایەکی سارد هەڵدەکات، دوای ئەمە بە چەند سەعاتێك بەفر دەبارێ، پێشینان وتوویانە:

**«شەماڵی بێوادە بەفری پێوەیە».**

بیۆ ئەو بایە لە بەهاردا بێت تەرزە دەبارێ وە دەغڵ (دانەوێڵە) دەکوتێت.

خۆ ئەگەر شەماڵەکە لەسەرەوەوە هات باران دەبارێ.

وە ئەگەر لە خۆرهەڵاتەوە بایەکی قایم هات باران و بەفر زوو یا درەنگ هەر دەبارێت.

**١٠- باکان:**

أ- بابۆر.

ب- زەهاو.

ج- ڕەشەبا: پشتی بابۆر هەڵدەکات.

د- شەماڵ: سەرو ڕەشەبا هەڵدەکات.

**١١- لە ڕۆژەكانی مانگی فارسدا**[١]:

بەرامبەر بە چاك و خراپی ڕۆژەكان گەلێك باوەڕ هەیە كە بەڕاست دەزانرێت و بە هەموولایەكدا بڵاوبووەتەوە وەكو:

أ- ڕۆژی ١، ١١، ٢١، ٣٠ باشن.

ب- ڕۆژی ٢، ١٣ ٢٣ باش نین.

ج- ڕۆژانی ٧، ٢٧،١٧ لە هەموو ڕۆژەكان باشترن.

د- ڕۆژی ٩، ١٩، ٢٩، بۆ سەفەر و لەشكر باش نین.

هـ- ڕۆژانی ١٤، ٥ باش نین.

ڕۆژەكانی تر باشن بەڵام نەك وەكو ڕۆژەكانی (أ) وە (ج).

**١٢- سێ شەش و سێ چوار:**

لەیەكەم ڕۆژی بەهارەوە تا (١٨) یەمین ڕۆژی بەهار پێی دەوترێ سێ شەش. دوای ئەم دەبێت بە سێ چوار كە دەكاتە (١٢) ڕۆژ ئەم ژمێرەیە پێشی دەوترێ ژمێرەی ڕۆمی وە شكاك بەكاری دەهێنن، وە دوای ئەم ماوەیە ئینجا دەچن بۆ كوێستان، دوای تێپەڕبوونی ئەم ماوەیە ئینجا شكاك دەچن بۆ كوێستانەكانی سەهەند و سەهۆڵان كە بە پشتی تەورێزەوەیە، وەكو دەڵێن لای ئەوان بەهار (٣) مانگ تەواو دەكات سێ مانگ گیا بەشینی دەمێنێتەوە.

وتمان دوای سێ شەش سێ چوارە، ئەم مانگە یەكەم مانگی بەهارە، پێی دەڵێن (شەستەباران)، دووەم مانگی بەهار (بەختەبارانە).

دوای ئەمە یەكەم مانگی هاوینە كە كۆ لە بورج دەكەنرێ وە دێتە دەرەوە. دوای (١٥) ڕۆژ كەنرانی كۆ، ترازوو لە بورج دەكەنرێ، وە دوای (١٥) ڕۆژی

---

(١) جێی داخە كە نەتوانرا مانگەكانی فارس و ڕۆژەكانی تر ساخ بكرێتەوە.

تـریش ئـیـنـجا گەلاویژ لـە بورج دەکـەنرێ وە ئـەمـە بـە نـاوەڕاستی هـاوین دەژمێردرێ کە (٤٥) ڕۆژەی هـاوینە وە دەشکاتە (٢١)ی چلـەی هـاوین.

١٣- ژمێرەکان:

**١- سنووری ژمێرەکان:**

أ- لە گڵەزەردە بەو لاوە (بەرەو گەرمیان) لەسەر ژمێرەی (گەرمیان) دەڕۆن. کە ژمێرەی سێ مانگ سێ مانگ دەکات.

ب- لە گڵەزەردەوە تا سنووری باسەرە لەسەر ژمێری گڵەزەردە دەڕۆن.

ج- لە ژوور گڵەزەردەوە تا دەم کەلیخان بە ژمێرەی (بارێ و بارێ) دەڕۆن بەرێوە.

د- لـە کـەلـیـخـانـیش بـە دواوە، کوردستـانی ئێران و ئێرانیش لـەسەر ژمێرەی ئەستەمووڵ دەڕۆن.

**٢- جیاوازیی کاتی ژمێرەکان:**

أ- سەری ساڵی گەرمیان (١٥) ڕۆژ لە پێش سەری ساڵی گڵەزەردەوە. بەم جۆرە بەینی سەرساڵی هەردووکیان (١٥) ڕۆژە.

ب- یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی گڵەزەردەوە پازدەیەمین ڕۆژی سەری ساڵی گەرمیانە.

ج- سەری ساڵی گڵەزەردەش لە پێش سەری ساڵی بارێ و بارێوەیە. یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی ژمێرەی (بارێ و بارێ) پێنجەم ڕۆژی سەری ساڵی گڵەزەردەوە دەکات.

تێبینی: وەکو دەڵێن ژمێرەی (بارێ و بارێ)، مەلاحەسەنی بارێیی لە پێش نزیکەی ٣٥٠ ساڵ لەمەوپێشدا دای ناوە.

د- پێنجەم ڕۆژی سەری ساڵی (بارێ و بارێ) دەکاتە یەکەم ڕۆژی

سەری ساڵی ئەستەمبوڵ. بەم پێیە سەری ساڵی ئەستەمووڵ پێنج ڕۆژی دوای سەری ساڵی (بارێ و بارێ) دەکات.

هـ- کە چووینە سەری ساڵەوە بەپێی ژمێرەی ئەستەمبوڵ، مەترسی سەختی زستان لە کوردستاندا نامێنێت چونکە هەموو کورد دەڵێن ئیتر هیچ ژمێرەیەك نەماوە. وەبەم پێیە ئیتر تووشیی زستان دەبڕێتەوە.

١٤- حەمەی سلێمان کە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدایە وە لە تیرەی وەڵەدبەگییە، لەدێی کانی سیروانی هەڵەبجە دادەنیشت وە ئێستە لە هەڵەبجە دادەنیشێ، بەشێك لەم ڕاپۆرتەمان لەو وەردەگرت، ئەویش دەڵێ من ئەم شتانە لە ڕەحیم دەروێشەوە فێربووم، ئەم ڕەحیم دەروێشە (٣٠) ساڵ زیاتر لەمەوپێش لەدێی کانی شێخ دادەنیشت لە خێڵی کەڵوڕبوو، ئەم ڕەحیم دەروێشە، مەحموود خەسرەو هێنابووی بۆ کانی شێخ، کە ئەم شتانە لە کوردستانی ئێران فێر بووبوو. کاتێ ڕەحیم کانی شێخی بەجێ هێشت، لەدوای ئەو خەڵکەکە ئاخیان بۆ هەڵدەکێشا، چونکە لەم جۆرە تاقیکردنەوانەی کەڵکی زۆریان دەدی.

جگە لەوە بۆ ئەم ڕاپۆرتە کەڵك لە مەلا قادری مەلا کەریم، خەڵکی مەڵکەندی لە سلێمانی وەرگیرا.

١٥- لە تاقیکردنەوەکانی ڕەحیم دەروێش دوو چیرۆکی بچووك دەگێڕنەوە:

أ- ساڵێك مەحموودی خەسرەو کە موختاری دێی کانی شێخ بووە (ڕەحیم لەم دێیەدا بووە) سەیر دەکات خەڵکی لەدەوردا دەبن، ڕوو دەکاتە خەڵکەکە وە پێیان دەڵێ (سبەینێ کەس ماین بەرەڵڵا نەکات).

ڕەحیم کە لە ئەنجوومەنەکەیدا دەبێت پێی دەڵێت (مەحموود، بۆچی ماین بەرەڵڵا نەکەن؟).

مەحموود وتی: «بەیانی، ئەحمەد بەگی وەسمان پاشا لەشکر دەکات،

دەچین بۆ ئەوبەر...»

رەحیم دەڵێ: «ئاخ مەحموود خۆزگە سبەینێ نەڕۆیشتنایە...!؟» مەحموودیش لە وەڵامدا دەڵێ: « بۆچی رەحیم؟ دیسان دەستت پێ کردەوە؟!..»

رەحیمیش دەڵێ: «لەبەر ئەوەی کە سبەینێ ڕێکەوتی ٢٩ی فارس دەکات، ڕۆژەکەی خراپە، هەتا نیوەڕۆ ئەم لەشکرە لەسەرکەوتندا دەبێت، بەڵام لەدوای نیوەڕۆوە لەشکرەکەتان بەشکاویی دەگەڕێتەوە دواوە. لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی گەورەتان لێ دەکوژرێت...»

لە دوایيدا ئەم چۆنی وت بەو جۆرە ڕووی دا، لەشکرەکە بەشکاوی گەڕایەوە، وە (حەمەی هەسەن)یان لێ کوژرا، کە ئەم حەمەی هەسەنە پیاوەماقووڵی عەلی بەگی مەحموود پاشابوو.

ب- ڕۆژێك حەمەی کوڕی رەحیم لەگەڵ ئاوەڵەکانیدا یاریی شەقێن دەکات. باوکی پێی دەڵێ حەمە ئیمڕۆ سێ شەمەیە، وە سیازدەی مانگە، ڕۆژەکەی خراپە وە لەنگەرە دەکات.

بەڵام حەمە بەگوێی ناکات. دوایی تۆپێك بەرچاوی دەکەوێت، وە بۆ ماوەیەکی زۆر تووشی ئازارێکی زۆر دەبێت.

کۆتایی